Klawrojna

زنجیره:

# سەرخۆشێکی فاشیل

کۆمەڵە چیرۆک

نوسینی
ئێدگار ئالان پۆ

پێشەکی و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
زمناکۆ بورهان قانع

چاپی یەکەم ______________ سلێمانی

ŽŽ

- کتێب: سەرخۆشێکی فاشیل
- نووسەر: ئێدگار ئالان پۆ
- وەرگێڕ: زمناکۆ بورهان قانع
- کۆمپیوتەر: وەرگێڕ
- نەخشەسازی و بەرگ: ئازاد حاجی
- سەرپەرشتیاری چاپ: عەتا عەلی
- پیت چنین: فێنك بورهان قانع
- چاپ: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع
- چاپی یەکەم: سلێمانی ŽŽ
- تیراژ: هەزار دانە
- نرخ: ŽŽ – دینار

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی ( قانع)ە و مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە

## پێشکەشە بە:

- ئێدگار ئالان پۆ- کە مەشروب کوشتی.
- سادقی هیدایەت- کە لە ژوورێکدا لە پاریس خۆی کوشت.
- ڤێرجینیا وۆڵف- کەگیرفانەکانی پڕکرد لەبەردو لەدەریایەکدا خۆی نقوم کرد.
- جان جینییەی زۆڵ- کە دەقە داهێنراوەکانی لەزینداندا نووسی.
- ئەنتۆنین ئارتۆ - کەزۆربەی ژیانی لەشێتخانەکاندا بەسەربرد.
- زۆری تر کە داهێنەربوون و ژیان غەدری لێکردن.

وەرگێڕ

## پێش ئەوەی ئێدگار ئالان پۆ بخوێنیتەوە

" سەرخۆشێک لەژێرتاوەرێکدا لەدایک دەبێت"

" شـاعیرێکی دەوڵەمەنـدو بـۆرژوا تـەنها لـەکاتی بێئیـشیدا پـەنا بـۆ ئـەدەب دەبـا" ئەمـە پێناسـەیەکی موزەیەفی بۆدلێرە بۆ ئێدگار ئالان پۆ. لەڕاستیدا پۆ ژیـانێکی گوزەرانـد کـە لێوان لێـو بـوو لەهەژارییـەکی بەردەوامو کلۆڵیو بێـزاریو نەهامـەتیو پـەژموردەیی. ئێـدگار-ی شـاعیرو چیرۆکنووس لـە —ی جانوەری ساڵی ž — لەبۆستن لەژێر بورجێکدا لەدایکبوو کە پڕیبوو لەداڵو بازو قەلەرەشو کوندەپەپوو. ئەسڵو خانـەوادەی دەگەڕێتـەوە بـۆ بنەماڵەیـەکی ئینگلیـزی بـەڵام مـاڵی بـاپیری (داڤیـد پـۆ) بـەمناڵی چـوونەتە ئەمـەریکاو لـەوێ گیرسـاونەتەوە. لـەماوەی ئـەو ژیانـە کورتـە پـڕ لەنەهامەتییەیـدا بـۆ ژمارەیـەکی زۆر لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان کاریکردووەو چەندین شیعرو کورتەچیرۆکی بڵاوکردووەتەوەو زیاتر وەك نووسەری کورتەچیرۆك ناسـراوە، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی بـۆدلیر-ی شـاعیر زۆربـەی شـیعرەکانی بـۆ زمـانی فەڕەنـسی وەرگێڕاوە. پۆ لەتەمەنێکی زۆر کورتتدا ئاشنادەبێ بە"سەخافەت"ی ژیان، دوای ئـەوەی بـاوکی دەتۆرێت و مـاڵ بەجێـدەهێڵێتو دوای ئـەوەی دایکـی کۆچـیدوایی دەکـا، بنەماڵەیـەکی دەوڵەمەنـدی ئەمـەریکی لەڤێرجینیا لەڕیچمۆند بەناوی بنەماڵەی "ئالانـەکان" دەیگرنـە خۆیـانو بـەخێوی دەکـەن، بـەڵام هێنـدەی ئەو بنەماڵەیە ئازاریدەدەن، ژیان هێندە ئازاری نادا. ئـالان خـانم خێزانـی بنەماڵەکـە وەکو کـوڕێکی خـۆی تەماشـای دەکـرد، بـەڵام مێردەکـەی (جـۆن ئـالان) لەیەکـەم سـاڵی خوێنـدنی ئێـدگاردا لـەزانکۆ هەڕەشەیلێدەکاتو دەریدەکات لەزانکۆ وچیدی مەسـرەفی خوێنـدنی ناکـات گوایـە لـەماوەی ئـەو ساڵەی خوێندنیدا پارەیەکی زۆری سەرف کردووە، ئەمەلەناخەوە و زۆر بەقوڵیئێدگارئازاردەدات.

نـاکۆکی نێـوان ئـەم و جـۆن ئـالان تەشەنەدەسێنێت تـا ئـەو ڕادەیـەی بەیـەکجاری لەسـاڵی — دا ماڵیئالانەکان بەجێدەهێڵێت. هەمیشە خەریکی نووسین و کارکردن بـوو بـەڵام هـەرگیز نەیـدەتوانی هـیچ پارەیەك پاشەکەوت بکات لەقازانجی ئەو چیرۆكو شیعرانەی کە نووسیبوونی.

زۆربەی ژیانی بەسەرخۆشیو نەخۆشی بەسەربرد تائەو ڕادەیەی لەحەوتی ئۆکتۆبەری ساڵی — داو لەتەمەنیچل ساڵیدا بەهۆی مەشروب و ماددەبێهۆشکەرەکانەوە ماڵئاوایی لەتراژیدیاکانی ژیان کرد.

شێوازی مردنەکەی لەچیرۆکەکانی غەمبارترو حەزین تربوو، پاشگەڕانەوەی بۆ ڕیچمۆند لەخانوویەکدا کۆچی دواییکرد کە لەدوای چوارڕۆژلەمەرگی تەرمەکەیان لەنێوان چەند بوتڵێکی شەرابو ویسکیدا دۆزییەوە.

لەبیستو سێ ساڵییەوە زۆرکەم دەنووست وهەمیشە لەسەر کورسییەك دادەنیشت و کحولی دەنۆشی .هەر لەو تەمەنەدا دڵنیابوو لەوەی کە نەخۆشییەکەی چارەسەری نییە، هۆگربوونی بەمەشروب هەموو شتێکی لەبیربردبۆوە تەنانەت زۆرلە هاوڕێکانی خۆی نەدەناسییەوە.

فەیلەسووفی گاڵتەجاڕی ئێرلەندی(جۆرج بێرنادشۆ) دەڵێت: **ئەمریکا دۆزرایەوە کەچی ئێدگار ئالان پۆ نەدۆزرایەوە، هەمووکەسێك وەکو سەرخۆشێکی فاشیل لێیان دەڕوانیلەکاتێکدا کەئەم بەستەزمانە لەئەمریکییەکی ناجیح کەمتری دەخواردەوە..**

ئەو نەگبەتیو کلۆڵیو ئازارەی کە ئێدگار بینی مەگەر تەنها " فرانتز کافکا " بینیبێتی، هەروەکو چۆن کافکا لەڕۆمانی مەسخ دا " گریگۆرسامسا " دەچوێنێت بەخۆی کەبەیانییەك لەناو جێگاکەیدا لەخەو هەڵدەستێت دەبینێت بووە بەقالۆنچەیەکی ترسناك، ئێدگاریش لە ڕووخانی خانووی یووشەردا "ڕۆدریك یووشەر" دەچوێنێت بەخۆی. هەموو کارەکتەرەکانی ئێدگار ژیانی کۆپی کراوی خۆیبوون، هەمیشە لەچیرۆکەکانیدا پەلکێشت دەکات بۆنێوجیهانی شێتی و ترسوتۆقین و مەشروبوخەیاڵو نەهامەتی وتاوان وئازاروکوشتن ومەرگوسەرخۆشی. دەبێت ئەوەشمان لەیادنەچێت کە ئالان پۆ چانسێکی گەورەی هەبووە لەژیاندا بەوەیکە براکەی دەساڵ پێش خۆی بەهۆی مەشروب و ماددەی بێهۆشکەرەوە گیانی لە دەستداوە.

لەسەرانسەری جیهاندا خوێنەرێکی زۆر بەتامەزرۆوە چیرۆکەکانی دەخوێننەوە و زۆرێك لەچیرۆکەکانی کراونەتە فیلمی سینەماییو قەسیدەکانی لەقوتابخانەکانی ئەوروپاو ئەمریکادا دەخوێنرێن ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی هۆنراوەکانی کراونەتە گۆرانی، ملیۆنەها وشەی لەبارەوە نووسراوە کەچی زۆر بەدەگمەن وەکو بلیمەتێك لێی دەڕوانن هەمیشە لەدەرەوەی زەمەنیخۆی دا ژیاوەو کەسێکی گۆشەگیرو بەدمەست بووە؛ پێش زیاد لەسەدەو نیوێك گووتویەتی:**"مەرگ تەنها جۆرێکە لەهەڵچوون"**.

هیچ نووسەرێك وەك پۆ نەیتوانیوە لەبارەی ئازارو ترسەوە بنووسێت زۆربەی ژیانی بەترسەوە گوزەراند، ترسێك کە خۆشی هەروەکو کارەکتەرەکانی نەیدەزانی لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە . چیرۆکەکانی ئێدگار تۆدەخاتە ژێر سێبەری جیهانێکی فانیو بەسەر زەوی ترس وتۆقین وشێتیوخەوندا ڕاپێچت دەکات، زۆربەی چیرۆكو شیعرەکانی بەسەرخۆشی نووسیوەو حەزی بەتێکەڵ بوونی هیچ کەسێك نەکردووە..

بەردەوام دەیگووت:**"لێوان لێوم لەئازارو ترس وسەخافەت"** ژیانی ڕاستەقینەی ئێدگار کەزیاترلەڕشانەوە دەچوو وەك لەژیان بارگاوی بوو بەسەرخۆشی و شێتی، کەسانێکی زۆر شادمان بوون بەمردنی.

چیرۆکەکانی ئەم بلیمەتە ترس بوون لەتاریکی، هەلاتن بوون لەشێتی، ڕاکردن بوون لەفەنابوون، بەمردنی ئێدگار ئەدەبی ئەمریکی سەریلێشێواو زیانێکی گەورەی لێکەوت.

## تكایە بەتەنها ئەم چیرۆكانە مەخوێنەرەوە

خەیاڵی ئەوە بكە كەلەنێو خانوویەكی كۆن دایت لەنزیك دەریاچەیەك، نیوەشەوەو ڕەشەبایەكی شێرزە لەدەرەوەیە ڕەشەباكە بەنێو دیوارە خۆڵەمێشییەكانی ئەو خانووەدا گڤەگڤی‌دێت و لەژێرزەمینێكی غەمباری خانووەكەداو لەنێو تابووتێكدا تەرمی مادلین خان دانراوە، لەو ژوورەدا كەدانیشتوویت براكەی مادلین لەگەڵتدا دەدوێت و بەشڵەژاوی و چاوێكی‌شێتانەوە لەتۆ دەڕوانێت و دارو درەخت و دەریاچەی تەنیشت ماڵەكەش غەمباری و پەژموورده‌یی خێزانی یووشەریان وەرگرتووە، لەو ماڵەدا یووشەر جگە لەگیتار ناتوانێت گوێ لەهیچ شتێكی‌تر بگرێت چونكە گوێی ئازار دەدات، دەبێت هەمیشە گڵۆپەكان كوژاوەبن تاوەكوچاوی ئازارنەدات، ناتوانێت هەمووجلێك لەبەر بكات لەبەرئەوەی پێستی ناسكەو برینداری‌دەكات، ماڵێك ژیانی تێدا نەماوەو هێندەی نەماوە بڕووخێت، دوای ڕووخانی خانووەكە گەرتەماشای مانگ بكەیت دەبینیت ڕەنگێكی سووری خوێنینی وەرگرتووە.

پێش ئەوەی‌خانووەكە بڕوخێت و بەپارچەی دیوارەكانی دەریاچەكەی تەنیشت خانووەكە پڕببێتەوە خەیاڵی ئەوەبكە كە ئێستا لەماڵی یووشەردایت.

ئەی پشیلەڕەشەكە كەبەملی هەڵواسراوە بەدرەختێكەوە، خاوەنەكەی بەسەرخۆشی هەڵی دەواسێت وژنەكەشی بەتەورێك دەكوژێت و باجی تاوانەكانیشی دەدات. ماڵی كابرا دووجاردەسووتێت جارێك بەئاگرو جارەكەی تریش بەگریانی پشیلەیەكی ڕەش.

پشیلەیەكی تری ڕەش دێتەماڵەكەوەو بەهەمان شێوەی پلۆتۆ پەڵەیەكی سپی بەسەرسنگیەوەیە ئەو پەڵە سپی‌یە لەئامێرێكی‌ئەشكەنجە دەچێت، بەڵێ لەپەتی قەنارە دەچێت...

ئەوپەتە پیاوەكە دەخنكێنێت بەواتایەكی تر پیاوەكە لەپاش ئاشكرابوونی تاوانەكانی دەستگیر دەكرێت‌و سزاكەشی وەردەگرێت..

ئەو لاپەڕەیە هەڵبدەرەوە، پاشان گوێت لەمۆسیقایەكی كێوی دەبێت و هەزاران كەس مۆسیقا دەژەنن‌و گۆرانی دەڵێن‌ودانس دەكەن‌و دەمامكی سەیر سەیریان لەسەر كردووە، ئێستا تۆ لەقەڵای ئەمیر پڕۆسپیرۆدایت ئەمیرێك دەرگا بەڕووی مەرگدا دادەخات، لەدەرەوەمەرگی سوور هەیە و لەناوەوەش خۆشگوزەرانی‌و چێژوژیان هەیە، دواتر ناوەوەی قەڵاكە دەبێتە مەرگی سووری ڕاستەقینە..

بیرینس‌وکۆتاییە ترسناکەکەی، ئەو سی‌و دوو ددانە سپی‌یە کەلەنێو قەبرێکی تاریکدا هەڵدەکێشرێت ..

دوونەخۆشی ترسناك یەکێکیان پەرکەم‌و ئەویتریان مۆنۆمانیا. شەڕکردن لەگەڵ بیرکردنەوەکانی کەسێکی‌نەخۆش و شێت قورسترە لەشەڕکردن لەگەڵ وولاٌتێکدا، کچێکی سیس ولاواز دەبێتە هەوێنی ئەم تاوانە کە بەشێوازێکی شێتانە ئەنجام دراوە .

لاپەڕەیەکی تر هەڵبدەرەوە دەچیتە لای پۆرترێتە هێلکەیی‌یەکە، کتێبێك چیرۆکی ئەوپۆرترێتە دەگێڕێتەوە. نیگارکێشێکی شێت ژنەکەی بێزار دەکات و دەیکاتە مۆدیل بۆنیگارێکی غەمبار، چەند ڕۆژو هەفتەیەك بەبێ‌نان ژنەکەی لەپێناوی پۆرترێتەکەی‌دا وشك دەکاتەوە، لەدوواییدا نیگارکێشەکە هاوار دەکات کە ئەوەی کێشاویەتی وێنە نی‌یە بەڵکو ئەوە ئافرەتێکی زیندووە.. بەڵێ،.. ڕاستی کرد ئافرەتێکی زیندووی دروست کردبوو بەلاٌم ئافرەتێکی زیندووشی کووشت، ژنەکەی مردبوو.. بەڵێ مردبوو...

ئینجا دڵەخەبەردارەکە دەبینیت کەچۆن ئەو کابرا شێتە ئەو پیرەمێردە دەکوژێت، چاوی پیرەمێردەکە بەچاوی هەڵۆ دەچێت و ترسێکی زۆر دەخاتە دڵی بکوژەکە، ئەو چاوە دەبێتە هەنجەتی کوشتنی ئەو پیرەمێردە. ئەم تاوانە چۆن ئاشکرا دەبێت؟ بۆ ئەوەی وەلاٌمت چنگ بکەوێت بەردەوام بەتاوەکو موبالەغەیەك بەدی‌دەکەیت!!! دراوسێی پیرەمێردەکە لەماڵی خۆیانەوە گوێی لەترپەی دڵی پیاوەپیرەکە بووە و پۆلیسی ئاگادار کردووە!!! دەنگی ترپەی دڵەکە بەدەنگی جەڕەسێك دەچێت کە تادێت بەرزترو بەرزتر دەبێت. بکوژەکە بەهۆی دەنگی ئەو جەڕەسەوە لەتاو ئازاری گوێچکەی تاوانەکەی ئاشکرا دەکات.

## زمان و شێوازی نووسینی ئێدگارئالان پۆ

پـۆ بـەزمانێك دەنووسـێت کـە دکتۆرێـكو پەتاتـە فرۆشـێك، فەیلەسووفێكوسەرتاشـێك، شـۆفێرێكو باخەوانێك، دەوڵەمەندێكو پیاوکوژێك وەك یەك لێی تێدەگەن، ئەو بۆخۆی بەزمانێکی شێتانە دەنووسێت کەخوێنەر لە سادەیی زمانەکەی تووشی شۆك دەبێت، چیرۆکەکان زۆربەسادەیی دەگێڕێتـەوەو خـەیاڵێکی فراوانـی هەیـەو بەسـتایلێکی زۆرجـودا لەنووسـەرانی دی دەنووسـێت، بەسـەر ڕووداوێکـی زۆرسـیمپڵدا تێدەپـەڕێتو لەناوەڕاسـت یاخودکۆتـایی چـیرۆکەکەدا دەگەڕێتـەوە سـەری، لـەبارەی زۆربـەی تاکـەکانی کۆمەڵەوە نووسیویەتی بەتایبەتی ئەو مرۆڤانەی کە هەمیـشە لـەترس دا دەژیـن یـاخود هەمیـشە مەسـتن‌و لـەنێوجیهانێکی پڕلەخەون‌وخـەیاڵو ئەفـسوندا ژیـان دەگـوزەرێنن، کارەکتـەرەکانی پـۆ بـەردەوام مانـدوون بەدەست ژیانەوەو ئازارێکی زۆر دەچێژن، لەجیهانی ڕیاڵ هەڵدێن‌و بارگاوی بەوەهمێکی شێتانە دەبـن، ئـەو بۆخـۆی ڕیالیـستێکەو یـاری بەئەندێـشەی تـۆ دەکـات... بـەمردنی ئێـدگار ترس‌ودڵـەڕاوکێ لەئـەدەبی ئەمریکیدا نەماو ئەمریکا شێتێکی جوانی لە دەست چوو!!!..

ئێدگار گەورەترین خزمەتی بەئەدەبی ئەمریکی کرد، شیعروچیرۆکەکانی بەیەك ستایل دەنووسی، بەڵام لەبارەی وەرگێڕانی شیعرەوە دەیگووت "**هەمیشە دژی وەرگێڕانی شیعرم چونکە ئیحساسی هیچ شاعیرێك نـەقڵ نابێت بۆ نێو زمان وکلتووری نەتەوەیەکی دی**".

لەوەرگێڕانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا هەوڵم داوە ڕێزێکی زۆر بۆزمانی پۆ دابنێم، هەوڵم داوە ئەو شێتی‌و ترس‌و فۆبیایـە نـەقڵ بکـەم کەئێـدگار پێیناسـراوەو پێیدەنووسـێت، لـەوەرگێڕانی ئـەم کتێبـەدا هەسـتم بەبوونی ڤاکیومێکی گەورەکرد لەنێو کتێبخانەی کوردیدا کەتائێستا هـیچ نووسـەرێکی کـورد لـەبارەی ئـەم پیاوە مەزنەوە شتێکی ئەوهای نەنووسیوە کەئاشنای بکات بەخوێنەری کورد، هەربۆیە خوازیارم ئەم کتێبە پێناسەیەکی واقیعی بکات بۆ ئەوپیاوە جوانە، ناوونیشانی کتێبەکەش لەووتەیـەکی (جـۆرج بێرنادشـۆ) وە وەرگـیراوە کەپێـشتر ئامـاژەی پێکـراوە، دواجـار خۆشەویـستیم بـۆ ئـەم نووسـەرەو سەرسـامیم بـە شـێوازی مردنـی‌و بایۆگرافیاکـەی هـانی دام ئـەم کتێبـە وەربگێـڕم‌و بەچـاپی بگەیـەنم بـەهیوای ئـەوەم کـەکارێکی بچووکم نەکردبێت...

**زمناکۆ بورهان قانع**

سلێمانی ŽŽ

## رووخانی خانووی یووشەر

ڕۆژێکی غەمباری پاییز بوو، ئاسمانیش پڕیبوو لەچەند هەورێکی گەورەیڕەش، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بەشوێنە تەختو بێبایەخەکانی گوندەکەدا دەڕۆیشتم، بەڵام لەدواییدا، کاتێك کەتاریکی داهات کۆتایی گەشتەکەیخۆمم بەدیکرد. لەوێ، لەبەردەمم دا، نزیك خانووەکەی یووشەر، دەستبەجێو بەبێئەوەی بزانم بۆچی هەستێکی نامۆی غەمبارییەکی قووڵ دایپۆشیم، هەروەکو بەتانییەك دایپۆشیم، سەرم بەرزکردەوە وتەماشای سەرەوەی خانووەکۆنەکە وبەردەکانی دیوارە بەرزەکەیو پەنجەرەتەسکەکانیم کرد.

چاوم بەدەوری چیمەنە تەنکە ووشکەکەو درەختە پیرەمردووەکاندا گێڕا، لەوەدەچوو دەستێکی سارد دڵم بگرێت، هەستم بەسەرماو نەخۆشی کرد، نەمدەتوانی بیر لەتاقەهەستێکیخۆش بکەمەوە بۆئەوەی ئەو غەمبارییە لەخۆم بەدووربگرم..

بۆچی؟ سەرم سوڕما!! ئایا خانووەکەی یووشەرە وای لەمن کردووە هەست بەغەمباری بکەم؟ وەڵامم چنگ نەکەوت.. دەریاچەیەك لەنزیك خانووەکە هەبوو، منیش سواری ئەسپەکە بووم‌و چوومەلێواری دەریاچەکەو وەستام، لەوانەیە لێرەوە خانووەکە زۆردڵتەنگ و زۆرغەمبار دەرنەکەوێت!!.. تەماشای ناو ئاوەکەم کرد کەوەکو ئاوێنەیەك بوو لەتاریکییەکەدا، ئاوێکی هێمن، جارێکیتر تەماشای درەختە مردووەکانی دەوری خانووەکەو پەنجەرەکانی خانووەکەم کرد کە لەچاوێکی هەڵکۆڵدراو دەچوون، هەستکردن بەدڵتەنگیم لەپێشوو زیاتری کرد، لەناو ئەو خانووەدابوو کە چووبووم هەفتەکانی داهاتووم بەسەربەرم، کاتێك کەمنداڵبووم خانووەکەی (ڕۆدریك یووشەر) کە هاوڕێیەکی زۆر باشم بوو، چەند ساڵێك دەبوو کەنەم دیبوو، بەڵام لەم دووایییەدا نامەیەکی بۆناردبووم، نامەیەکی ترسناك ودڵتەنگ!!!! نووسیبووی کەنەخۆشە، نەخۆشە لەجەستەداو نەخۆشە لە مێشکدا، لەبەرئەوە دەیوویست کەمن ببینێت.

من تەنها هاوڕێی بووم، تەنها کەس کەدەتوانێت یارمەتی بدات لەونەخۆشییەدا، لەگەڵ ئەوەی کە لەگەنجیدا هاوڕێیەکی باش‌ونزیکی یەکتربووین من زۆرکەمم دەزانی لەبارەی ئەوەوە!! هەرگیز دەربارەی خۆی نەدەدوا بەڵام دەمزانی کە لەبنەماڵیەکی زۆرکۆنەوە هاتووە لەبەرئەوە تاکە کەسێکی زیندووی ئەوبنەماڵەیەیە، هەروەها دەمزانی کە لەبنەماڵەی یووشەردا منداڵێکی زۆرنەبووە، بەهەمان شێوە ناویخێزانەکەو خانوویخێزانەکە ڕاستەوخۆ لەباوکەوە تێپەڕیوە بۆ کوڕەکەی...

کاتێك کەلەنزیك دەریاچەکەوە وەستابووم هەستی غەمباریم گەشەیدەسەندو گەشەی دەسەند، هەروەها دەمزانی کەلەژێر ئەم خەمۆکییەدا ترسێك ڕاکشاوەو هەستێکی نامۆ ئەدا بەمێشکم!! خەیاڵێکی وام دەکرد کەئەم غەمبارییە لەمێشکیمن دا نییە، بەڵام ئەوغەمبارییە شتێکی ڕاستەقینەبوو، لەهەورێکی خەیاڵاوی دەچوو کەپێدەچوو بەشێوەیەکی ڕێك لەدەریاچە تاریکەکەو درەختەمردووەکان و دیوارەکۆنەکانی خانووەکەوەبێن، هەورێکی قورسی خۆڵەمێشی لەگەڵ خۆیدا ترس‌و نەخۆشی دەهێنا!!..

بەخۆمم گووت ئایا ئەمە خەونە؟؟!! پاشان زۆر بەووردی تەماشای بیناکەی تەنیشتم کرد، لەڕاستیدا خانوویەکی زۆر کۆن بوو، هەروەها تێبینی ئەوەم کرد کەهەموو بەردەکانی درزو بۆشاییان تێدایە بەڵام لەواقیعدا شتێکی هەڵە لەبیناکەدا بەدی نەدەکرا، بەردەکانی نوقسان نەبوون، تەنها شتێك کەتێبینیم کرد ئەودرزە بچووکەبوو کەلە لوتکەی بیناکەوە دەستی پێکردبوو پاشان بەردەوام بوو تا خوارەوە بۆ ناو ئاوە تاریکەکەی دەریاچەکە..

هەستامو چوومە بەردەم خانووەکە، خزمەتکارەکە ئەسپەکەمی بردو منیش هەنگاوم نا بۆ ناو هۆڵێکی گەورەو خزمەتکارێکی تر پێشڕەوی کردم کەبەهێمنی بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوین..لەسەر دیوارەکان چەند وێنەیەکی سەیری تاریك بەدی دەکرا کەوایان لەمن دەکرد هەست بەتووڕەیی بکەم. ئەم وێنانە یەکەم سەردانی منیان بۆ ئەوخانووە بیرخستمەوە کەئەو کاتە منداڵ بووم، بەڵام ئەوئیحساسەی کە وێنەکان لەم سەردانەدا پێیان بەخشیم تازە بوون بۆمن.

لەسەر قادرمەکان بەدکتۆری خێزانەکە گەیشتین، لەدەموچاویدا تەماشاکردنێکی سەیر بەدیدەکرا، تەماشاکردنێك کەمن حەزم پێنەدەکرد. بەپەلە ڕۆیشتمە سەرەوە پاشان خزمەتکارەکە دەرگاکەی بۆکردمەوەو بردمیە نووسینگەکە(مكتب). ژوورەکە گەورەو درێژبوو، پەنجەرەکانیشی بەرزو تەسك بوون کەتەنها تۆزقاڵێك ڕووناکیم بەردەکەوت. سێبەرەکان باڵیان کێشابوو بەسەر هەموو سووچەکانی ژوورەکەداو هەروەها بەدەوری پارچە تاریکەکانی کەلوپەلەکان دا.

چەند کتێبێكو هەندێك گیتاری لێبوو، بەڵام ژیانی لێنەبوو، دڵخۆشی لەژوورەکەدانەبوو، ماتەمییەکی قووڵ هەوای ژوورەکەی پڕکردبوو... کاتێك یووشەرمنی بینی، هەستایە سەرپێو بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، وامدەزانی کەئەو تەنها کەسێکی ڕێكوپێکەو ڕێزم دەگرێت، بەڵام ئەوەم بەدیکرد کەئەو خوازیار بووە بەبینینم. لەسەر ئەرزەکە دانیشتین بەڵام ئەو لەسەرەتادا بەهیچ جۆرێك قسەی نەکرد وبۆماوەیەکیش بەترسو واقی وڕماوەوە لێم دەڕوانی ، لەوکاتەوەی بۆدواجار یەکتریمان بینیبوو زۆر گۆڕابوو، هەمان دەموچاوی باریکی شپرزەی هەبوو، هەمان چاو، گەورەو زەق، هەمان لێوی تەنكو هەمان قژینەرم، بەڵام ئێستا پێستی زۆرسپی بووە، چاوەکانیگەورەترو درەوشاوەتربوون، لەپیاوێکی تر دەچوو، منی ترساند، قژە وەحشییە درێژەکەشی لەهەورێکی شەبەح دەچوو بەدەوری سەریدا، هەستم کرد کەهاوڕێکەم زۆر تووڕەبووەو لەگەڵ ئەوەشدا ئیحساسەکانی زۆربەخێرایی گۆڕاوە، هەندێك جار زۆر دەدوا پاشان دەستبەجێ بێدەنگ دەبوو تەنانەت بۆچەند کاتژمێرێکیش ووشەیەکی نەدەگووت، لەکاتێکی تردا هەستی بەوە دەکرد کەزۆر قورسە بیربکاتەوە، دەنگیشی بەرزونزم بوو، بەدەنگی پیاوێك دەچوو کەزۆری خواردبێتەوە..

پێیگووتم کەبۆچی دەیەوێت من ببینێتو چۆن خوازیارە ئێستا هەست بەباشتر بکات کەمنی لەگەڵدام، بۆی باسکردم، ئەو نەخۆشییە سەیرەی کە بۆماوەیەکی دوورودرێژ لەناو خێزانەکەیدابووە، بۆی ڕوون کردمەوە ... نەخۆشییەکی ئەعساب بووە کەوای لێکردووە زۆربەهێزتر لەکەسانیدی هەست بەهەموو شتێك بکات!!! تەنها دەیتوانی ئەوخواردنانە بخوات کەتاڕادەیەك بێتام بوون!! دەبووزۆر بەووردی جلوبەرگەکانی هەڵبژێرێت چونکە زۆربەیان پێستەکەیان ئازاردەدا!! نەیدەتوانی لە ژوورەکەیدا گوڵیهەبێت لەبەرئەوەی بۆنەکەیان زۆر بەهێز بوون بۆیوکاریان لێدەکرد!! ڕووناکی چاوەکانی دەئێشاندو زۆربەی دەنگەکان گوێچکەکانیان ئازار دەدا، بێجگە لەدەنگی نەرمی گیتارەکان!!! لەهەمووی خراپتر

ئەوەبوو کەئەسیری دەستی ترسەکەی بوو "**من دەمرم** " دەیگووت " **بەهۆی ئەم ترسەمەوە لەهیچ مەترسیەك سلْ ناکەمەوە ئەوەی دەمترسێنێت ترس خۆیەتی!! لـە لەحزەیەکـدا دژی تـرس شـەڕدەکەم پـاش کـەمێك یـان لـە دووایی‌دا ناتوانم چی‌دی‌شەڕبکەم** "...لەماوەی گفت‌وگۆیەکی درێژدا لەگەلْ یووشەر زیاترلەبارەی نەخۆشـی‌یە سەیرەکەیەوە ئاشنابووم، دلْنیابووم لـەوەی کەئـەو نەخۆشـی‌یە لـەمالْی یووشـەر خۆیـەوە هـاتووە، بۆمـاوەی چـەند سـالْێك دەبـوو کەخانووەکەی‌بـەجێ نەهێـشتبوو هـەروەها بـوو بووبـە..... ، هەسـتی دەکـرد غـەمبارەوەك خانووەکـەی.. ماتـەمی دیـوارە دلْتەنگـەکانی خانووەکـەو دەریاچـە تاریکـە بێدەنگەکـە ماتەمی‌خۆی بوون!! هەروەها باوەڕی وابوو کە زۆربـەی غەمباری‌یەکـەی بـەهۆی خوشـکە بەڕێزەکەوەیـەتی کە بەجدی نەخۆش بوو، تەنها یەك خوشکی هەبوو، (مادلین)، تەنها کەسێکی تربوو لەخێزانەکەی‌دا کەبـە زینـدوویی مـابۆوە، بـەلاْم هـەموو ڕۆژێـك ووردەووردە لەمـەرگ نزیـك دەبـۆوە، "**مـەرگی ئـەو**" ، یووشـەر بەدلْتەنگی‌یەوە گووتی " **لەم جیهانەدا بە تەنها جێم دەهێلْێت، تاکە کەسێکی بنەمالْەی یووشەرە** " .

لەکاتێکـدا کـە یووشـەر قـسەی دەکـرد، مـادلین بەهێواشـی چـووە پـشتەوەی ژووره درێژەکـەو بێ‌ئـەوەی تێبینی من بکات، دیارنەما!! لەساتێکدا کەتەماشام دەکرد چاوەکانم قورس بوون‌و خەوم دەهات و هەستێکی سەیری ترس دایگرتم.. تەماشای یووشەرم کرد هەردوو دەستی‌خستۆتە سەر دەم‌وچاوی بـەلاْم تـوانیم ئـەوە بەدی‌بکەم کەڕەنگی شپرزەتربووەو لەگەلْ ئەوەشدا بەهێمنی دەگری.

نەخۆشی‌یەکەی خانم مادلین خەیالاْوی ترین نەخۆشی بوو کەهیچ دکتۆرێك نەیـدەتوانی لێی تێبگات. هەموو ڕۆژێك بێهێزترو بـاریکتردەبوو، هەنـدێك جاریش دەچـوو بنوێت کـە زیـاتر بەمـەرگ دەچـوو وەك لەنووسـتن، بۆمـاوەی چـەند سـالْێك زۆرئازایانـە شـەڕی لـەدژی نەخۆشـی‌یەکەی کردبـوو، بـەلاْم لەشـەوی ئەوڕۆژەی کەمن گەیشتمە ئەوێ، چووە ناو جێگاکەیەوەو لێی هەلْنەستایەوە بۆجارێکی دی.

یووشەر بەدلْتەنگی‌یەوە سەری ڕاوەشاندو پێی گووتم:( **لەوانەیە جارێکی تر بەزیندوویی نەیبینیتـەوە** ).. بـۆ مـاوەی چـەند ڕۆژی داهـاتوو من‌ویووشـەر بـەهیچ جۆرێـك باسی‌خوشـکەکەیمان نـەکرد، زۆربـەی کاتمـان بەوێنەکێـشانەوە بەسـەربردو شـتمان بۆیـەکتر دەخوێنـدەوەو هەنـدێك جـاریش ئـەوگیتاری دەژەنـد. زۆر بەقورسـی هەولْمـدا یارمـەتی هاوڕێکـەم بـدەم بـەلاْم درکـم بـەوەکرد کـە غەمباری‌یەکـەی زۆر قـوولْ بـووە، خەمۆکی‌یـەکی ڕەش بووهـەموو ئەوشـتانەی داپۆشـیبوو کەدەگەڕایـەوە بـۆ ئەوجیهانـەی ئـەو، لەڕاسـتی‌دا هەندێکجار لەلێواری شێتی نزیك دەبۆوە، وێنەی سەیری دەکێشاو گۆرانی خەیالاْوی دەگووت لەگەلْ ووشەی هـەلْبزرکاو، بیرکردنـەوەکانی زۆر غـەریب بـوون، تـەنها بیرکردنەوەیـەکی هـەبوو کـەزۆر گـرنگتر بـوو لـە بیرکردنەوەکانی تـری " **ئەوەندە بێدەنگ بووکە بەدلْنیایی‌یەوە هەموو شتەکان، ڕووەکەکان، درەختەکان، تەنانەت بەردەکانیش دەیانتوانی هەستی‌پێبکەن** "

"**خانووەکەی خـودی یووشـەر** " **ئـەو پێـی گـووتم: " کـە لەشـتێکی زینـدوو دەچـێت..کاتێـك بـۆ یەکـەمجار دیوارەکانی بنیات نرا ژیان چووە نێوبەردەکانی‌یەوەو پاشان سالْ لەدوای سالْ بەهێزترگەشـەی دەسـەند، تەنانـەت هەوای دەوری دیوارەکان وسەردەریاچەکە ژیانی خۆیانیان هەیە کەدەگەڕێتەوە بۆخانووەکـە ، نابینیـت** " **یووشـەر گریا** " **چۆن بەردەکان‌و ئاووهەواکە شێوەی ژیانی خێزانی یووشەریان وەرگرتووە** ".

ئەم بیرکردنەوانە زۆر خەیالْ ئامێز بوون بۆمن‌و نەمدەتوانی وەلاْمی بدەمـەوە، ئێوارەیـەکیان بـەهێمنی دەمخوێندەوە کاتێك هاوڕێکەم بەچەند ووشەیەکی کەم پێی‌گووتم کـە" **مادلین مـردووە** " یووشـەر بڕیـاری دابوو، خۆی پێی گووتم ، کەلاشەی خوشکەکەی بۆماوەی دوو هەفتە لەیـەکێك لەژێرزەمینـەکانی مالْەکـەدا

بپارێزێت پێش ئەوەی‌بگاتە دوامەنزلگای خۆی، ئەممەش لەبەرئـەوەی نەخۆشـی خوشـکەکەی خـەیاڵاویترین نەخۆشی بوو هەروەها دکتۆرەکانیشی دەیانویست زیاتر لە بارەیەوە بزانن، داوای لێکـردم کەیارمـەتی بـدەم منیش ڕازی بووم..

پێکـەوە لاشـەکەمان لـەژێرزەمینی خانووەکـەدا خـستەناو تابووتەکەیـەوە، ئەوژێرزەمینـەی کـە هـەڵی بژاردبوو زۆرقووڵو دووورودرێژبوو، بەڵام لەژێر ئەو بەشـەی خانووەکەدابووکـە مـن لێی‌نووسـتبووم.. تاکـە ژێرزەمینێك بوو کەلەزیندان دەچوو، هەروەها بچووك، تاریك‌وبێ‌هەوا بوولەگەڵ دەرگایەکی قورسی کانزا.. تابووتەکـەمان دانـاو بەلوتفـەوە سـەری‌تابووتەکەمان لابـرد تـاوەکو بۆدواهـەمین جارتەماشـای ئافرەتـە مردووەکە بکەین!!! کاتێك تەماشای دەموچاویم کرد درکم بەوەکرد کەچەندە خوشکەکەی یووشەر لـەخۆی دەچێت!!! پاشان هاوڕێکەم چەند ووشەیەکی کەمی بەهێمنی گووت‌و ئـیتر زانـیم کـە لەگـەڵ خوشـکەکەی‌دا لەڕۆژێکدا لەدایك بوون، هەریەکێکیان لەمێشکی ئەویتریان دەگەیشت بێ‌ئەوەی پێویستی بەهیچ ووشەیەك هەبووایە!!!! نەمانتوانی بۆماوەیەکی زۆرتەماشای بکـەین، نەخۆشـی‌یە سـەیرەکەی ڕەنگێکی پەمـەیی کـاڵی لەسـەر دەموچـاوی بەجێهێـشتبوو کـەنیوە زەردەخەنـەی سـەرلێوەکانی نـەگۆڕابوون، ئـەو زەردەخەنەیـەی لەمەرگ دەترسێت!!! سەری تابووتەکەمان دادایەوەو بەباشی جێگیرمان کردو پاش ئەوەی دەرگا قورسەکەی ژێرزەمینەکەمان داخست بەقادرمەکاندا سەرکەوتینەوە بۆخانووە غەمبارەکە...

پاش چەند ڕۆژێـك لەدڵتەنگی‌یـەکی قـووڵ، بینـیم کەنەخۆشـی هاوڕێکـەم خـراپتر تەشـەنەی سـەندووە، چی‌دی‌وێنەی نەدەکێشاو نەیدەخوێنـدەوە، بەهێواشـی لەژوورێکـەوە بـۆ ژوورێکـی تـر دەجـووڵا، هـەرگیز نەیـدەزانی چی‌دەکا، دەموچاوی زیـاتر هـەڵبزرکابوو!! ڕوونـاکی لەچاوەکانی وون بووبـوو، ولەکاتێکـدا کـە قـسەی‌دەکرد زۆرجـار دەنگـی لەترسـاندا دەلـەرزی، هەنـدێکجار وام هەسـت دەکـرد کەدەیویـست چـەند نهێنی‌یـەکی ترسـناکم پێ‌بلێـت، هەنـدێکجاری تـروام هەست دەکـرد کـە شـێت بـووە!! چـەند سـەعاتێکی بەدانیشتن بەسەردەبرد، تەماشـای هیـچی نـەدەکرد، گـوێی لـەهیچ نـەدەگرت، بێجگـە لـەو دەنگانـەی کەلـە مێشکی‌یەوە دەهاتن!!! من بۆخۆم دەستم کرد بـەزانینی ترسـە ڕاسـتەقینەکە، هەسـتم بەترس‌ودڵتەنگی‌یـە قووڵەکەی هاوڕێکەم کرد کەوورده وورده قورسایی دەخستە سەرمێشکم...

نزیکەی‌حەوت هەشت ڕۆژێك دوای ئەوەی تابووتەکەی (مادلین خـان)مـان خـستە ژێرزەمینەکـە، چوومە نـاو جێگاکـەم بـەڵام نەمـدەوێرا بنـووم، کاتـژمێر لەدوای‌کاتـژمێر لەوێـدا ڕاکـشابووم، شـەرم لـەدژی ئەوترس‌ودڵتەنگی‌یە دەکرد کەمێشکمیان پڕکردبوو..

لەدەرەوە، ڕەشەبایەك هەبوو شێتانەتر گەشـەی دەسـەندو ژوورەکەشـم پڕی‌بـوو لـە سـێبەرو شـێوەیەکی تاریك‌و دڵتەنگی کەل‌وپەلەکان، هەوڵم ئەدا کە خۆم بەهێمنی ڕابگرم بەڵام تەنها زیـاتر دەترسـام.. لـەناکاو جەستەم لەگەڵ ترسێکی نوێ‌دا لـەرزا!!!! لەجێگاکـەم هەسـتام‌و بەقورسـی گوێم هەڵخـست، بـەڵی دەمتـوانی گـوێم لەچـەند دەنگێکـی نـەرم بێـت کەلـە ڕەشـەباکەی دەرەوە نـەدەهات بـەڵکو لەچـەند شـوێنێکی ناوخانووەکەوە دەهات، خێراجلەکانم لەبەرکردو بەژوورەکـەدا هەڵـدەزنام‌و دەهاتمـە خـوارەوە، هـەوڵم ئـەدا ترس‌و لەرزەکەم لەخۆم دوور بخەمەوە..

پاشان گوێم لەتەقەی دەرگاکەم بوو، یووشەرهاتە ژوورەوە، دەموچاوی هەروەکو جاران سپی بوو، جۆرێك لەشێتی لەچاوەکانی‌دا بەدی‌دەکرا، سەیرکردنی دەموچاوی منی ترساند بـەڵام لەهـەمان کاتـدا تکام لێ‌کـرد کـە چیتر بەتـەنها نـەبم.. بۆمـاوەی چـەند لەحزەیـەك بـەدەوری خۆی‌دا تەماشـای دەکـرد بێ‌ئـەوەی هـیچ

ووشەیەك بڵێت.. پاشان دەستبەجێ، **"نەتبینی؟ نەخێر؟"** ئینجا وەستا »" **پێویستە ببینیت** " ڕایکرد بەرەو پەنجەرەکەو کردییەوە.. ڕەشەبای گێژەڵووکە تووندوتیژەکەی دەرەوە بەرەو ژوورەکە هەڵدەکشاو ئێمەی دەکێشا بەزەوییەکەدا، لەڕاستیدا ڕەشەبایەکی شپرزەبوو بەڵام شەوێکی زۆر سەیروجوان بوو!! ڕەشەباکە وادیاربوو لەشێوەی بازنەدا بەدەوریخانووەکەدا دەڕۆیشتوچەند هەورێکی گەورەی قورسی تاریك دوایەکدی دەکەوتن، سەرەتا بەم ڕێگایەدا پاشان ئەوڕێگایە، نەمانەدەتوانی نە مانگ ببینین نەئەستێرەکان، بەڵام ڕووناکییەکی شەبەحی کاڵ بەدوریخانووەکەدا کشابوو..

**"تۆ پێویست ناکات، نەخێر"** ، " **تۆپێویست ناکات تەماشای ئەوە بکەیت** " گریام بۆ یووشەرو بەلوتفەوە پاڵم پێوەنا تا لەپەنجەرەکە دووری بخەمەوە، خستمە سەر کورسییەك، " **ئەوە تەنها ڕەشەبایەکەو هەوای ئەو شەوە ساردە مەترسی هەیە بۆتەندروستیت، باپەنجەرەکە دابخەین و بۆیەکتری بخوێنینەوە، سەیرکە ئەوە یەکێکە لەکتێبە پەسەندەکانی تۆ، من بۆتی دەخوێنمەوەو تۆش دەتوانیت گوێبگریت و هەردووکمان پێکەوە ئەم شەوە ترسناکە دەگوزەرێنین** "

ئەوکتێبەی کەهەڵم گرت بریتی بوو لە " ژیانی غەمبارو شێت ئامێزی بەرێز لۆنس لۆت کانینگ" لەڕاستیدا ئەمە یەکێك لەکتێبە پەسەندەکانی یووشەر نەبوو بەڵام تاکە کتێبێك بوو کەلێم نزیك بوو، لەبەرئەوە دەستم کرد بەخوێندنەوەی.. چیرۆکێکی شڵەژاووخەیاڵاویبوو بەڵام هیوام خواست کە خوێندنەوەکەم یووشەر هێمنتر بکاتەوەو کەمترهەست بەترس بکات، لەڕاستیدا گوێی بۆگرتم بەڵام لەگەڵ جۆرێك لەشێت بوونی جدی کەترسم تیا بەدیدەکرد!!! بۆماوەیەك کتێبەکەم خوێندەوە تاگەیشتمە ئەو شوێنەیکتێبەکە کە " ئیسەڵرێد " دەرگای خانووی پیاوە پیرەکە دەشکێنێت

" **ئێستا ئیسەڵرێد بڕیاری داوە کە چیتر ناتوانێت لەدەرەوە لەبەر ڕەشەباکەدا چاوەڕێبکات، تیلا قورسەکەی هەڵگرت و لەدەرگا تەختەکەیدا تائەوکاتەی کونێکیتێکرد، پاشان بە دەستەکانی پاڵی بەدەرگاکەوەنا و کردی بەچەند پارچەیەکەوە، دەنگی درز بردن و شکاندنی تەختە ووشکەکە دەتوانرا بەناو دارستانەکەدا ببیسترێت** "..

لەکاتێکدا کەتەواو بووم لەخوێندنەوەی ئەم ڕستەیە، لەکورسییەکەم بازمداو پاشان زۆر بەبێدەنگی دانیشتم، هەستم کرد کەلەچەند شوێنێکی دووری خانووەکەوە هەمان دەنگی درزبردن و شکاندنی تەختەکەم گوێلێبووە، بەڵام نەمتوانی بەڕوونی گوێی لێبگرم و دەنگی ڕەشەباکەش بەرزتردەبوو، بەردەوام بووم لەخوێندنەوە:-

" **ئیسەڵرێد چووە ناو خانووەکە بەڵام پیاوە پیرەکەی نەبینی، پاشان خانووەکە دیار نەماو وونبوو، ئەویش ئەژدیهایەکی بەدیکرد کەئاگر لەدەمی دەهاتە دەرەوە. ئیسەڵرێد تیلا قورسەکەی هەڵگرت و لەسەری ئەژدیهاکەدا ووردی کرد، لەکاتێکدا کەئەژدیهاکە کەوتە سەرزەوییەکەو مرد، ئەژدیهاکە گریانێکی ترسناك گریا، دووورودرێژ، قورس، هاوارێکی ناسروشتی** "..

لێرەدا جارێکیتر دەستبەجێ وەستام ، دڵنیا بووم کەدەمتوانی گوێم لەگریانەکە بێت، گریانێکی نزم وزۆر دووربوو.. بەڵام دەنگی هاوارێکی درێژبوو ڕێك وەك ئەو گریانەی لەکتێبەکەدا وەسف کرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بەتووڕەبوونێکی زۆر کرد، زۆر بەقورسی هەوڵمدا ترسەکەم بشارمەوە، دڵنیا نەبووم لەوەی کەئایا یووشەر گوێی لەو دەنگە بووە کەمن گوێم لێبووە، لەدوای چەند دەقیقەیەك جووڵاو ئێستا دانیشتووەو ڕوویکردۆتە دەرگاکە، بەڵام دەمتوانی ئەوە ببینم کەلێوەکانی دەلەرزین و جەستەی زۆر بە لوتف ونەرمونیانییەوە لەشوێنێکەوە دەچێتە شوێنێکی تر، بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە:-

**" ئینجا ئێستا ئیسەلڕێد پاش ئەوەی ئەژدیهاکەی کوشت ئاوڕیدایەوەو لەبەردەمی خۆیەوە کۆشکێکی لەژێردروست کراوی بینی لەگەڵ چەند دەرگایەکی زیوی درەوشاوە لەنێو دیوارەکاندا، ئازایانە ئیسەلڕێد بەرەوکۆشکەکە ڕایکرد بەڵام دەرگا زیوینە درەوشاوەکە چاوەڕێی هاتنی ئەوی نەکردولەگەڵ دەنگیجەڕەسێکی گەورەو ترسناکدا لە بەردەم پێیەکانیدا کەوتە خوارەوە بۆ سەرزەوییەکە** "... لەکاتێکدا کە ئەم ووشانەم دەخوێندەوە بەڕوونی گوێم لەدەنگێکی بەرزوقورسی کەوتنە خوارەوەی کانزایەك بوو، یەکسەر بازمدا بەڵام یووشەرجووڵەی نەکردو لەسەرکورسییەکەی خۆی دانیشتبوو، بەرەو ڕووی ڕۆیشتم، بەڕێکی تەماشای بەردەمی خۆی دەکردو دەموچاوی وەکو بەردی لێهاتبوو، کاتێك دەستم خستە سەرشانی، جەستەی کەوتە لەرزین، لەلێوەکانییەوە پێکەنینێکی نەخۆش هاتو بەدەنگێکی نزمیخێرا قسەی دەکرد، درکی بەوەنەدەکرد کەمن لەوێدام، سەرم نا بەسەرییەوە بۆئەوەی لەووشەکانی بگەم..

" یەعنی من گوێم لێ نییە؟B؟ بەڵێ، گوێم لێیە، هەروەها گوێم لێبوو بۆماوەی چەند دەقیقەیەك، چەند سەعاتێك، چەند ڕۆژێك گوێم لێبوو، بەڵام زۆر ترسابووم، زۆرترسابووم کەقسە بکەم!!! بەزیندوویی خستمانە ناو تابووتەکەوە، ئەی پێم نەگوتیت کەدەتوانم تەنانەت گوێم لەنەرمترین دەنگ بێت؟؟!! ئێستاش پێت دەڵێم کەگوێم لەجووڵەی بوو لەناو تابووتەکەیدا، چەند ڕۆژێك لەمەوپێش گوێم لەدەنگەکان بوو، بەڵام ترسەکەم زۆرگەورە بوو-نەمدەتوانیقسە بکەم!!! وئێستاش ئەمشەو کاتێك کەتۆ لەبارەی ئیسەلڕێدەوە خوێندتەوە کەدەرگای پیاوە پیرەکەی شکاندووە، دەربارەیگریانی ئەژدیهاکەو کەوتنەخوارەوەی دەرگاکە، لەڕاستیدا ئەوە دەنگی شکاندنی تابووتەکەی بوو، ئەوە دەنگی شکاندنی دەرگای ژێرزەمینەکەبوو، دەنگی جەڕەسەکەش دەنگی کەوتنە سەرزەوی دەرگای ژێر زەمینەکە بوو!!!ئۆها!! بۆکوێ هەڵبێم؟؟ ئایا لەم دەقیقەیەدا بەرەو ڕووی من ڕادەکات؟؟ ئەوەیکە گوێم لێیە لەسەر قادرمەکان دەنگی هەنگاوە تووڕەکانی پێیەکانێتی؟؟ ئایا دەتوانم گوێم لەلێدانە قورسو ترسناکەکەی دڵی بێت؟؟ "... "پیاوە شێتەکە!! " بازیداو هاواریکرد، ووشەکان وەکو پیاوێك کەلەترساندا بمرێت لەدەمی دەهاتنە دەرەوە " پیاوە شێتەکە!! پێت ئەڵێم کەلەم دەقیقەیەدا ئەو لەدەرەوەی ئەم دەرگایەوە وەستاوە "..

لەکاتێکدا کەئەم ووشانە لەدەمی دەهاتنە دەرەوە، دەرگا قورسەکە بەهۆی ڕەشەبا بەهێزەکەوە کرایەوە.. لەوێ لەدەرەوەیدەرگاکە، وێنەدرێژەکەی مادلین خانم وەستابوو، کەکفنێکی مردووی پۆشیبوو،خوێن لەسەر شانو دەستەکانیو کفنە سپییە دڕاوەکەی بوو، هەموو بەشەکانی لەشی ئەوەیان نیشان دەدا کە شەڕێکی درێژی کردووە لەپێناو ڕزگاربوونی لەتابووتەکەدا!!!

بۆماوەیەك مادلین لەوێدا وەستابوو دەلەرزی، بەهێواشی لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر دەجووڵا، پاشان بەگریانێکی نزمەوە بەقورسی کەوت بەسەر براکەیداو یووشەر لەگەڵ دووایین مەرگی ئێستای خوشکەکەیدا کەوتنە سەر زەوییەکە، پیاوێکیمردوو، بەهۆی ترسەکانی خۆیەوە کوژرا!!!!

لەوژوورەوەو لەوخانووەوە بەترسەوە ڕامکرد، لەدەرەوە ڕەشەباکە هێشتا شڵەژاوبوو هەروەها لە کاتێکدا کەڕامکردو دەریاچەکەم تێپەڕاند ڕووناکییەکی شێرزەی ناکاو لە دەوروبەرمدا درەوشایەوە!! ئاوڕم دایەوە بۆئەوەی بزانم ئەم ڕووناکییە سەیرە لەکوێوە هاتووە؟؟!! بینیم ئەوە مانگەکە بوو، مانگێکی سووری پڕلەخوێن لەناو درزە تەسکەکەی دیواری خانووەکەدا دەدرەوشایەوە، ئەودرزە بوو کەلە سەقفیخانووەکەوە دەستیپێکردبوو هەروەها ڕێك ڕۆچووبووە خوارەوەی زەوییەکە، وەکو تێبینیم دەکرد درزەکە زیاتر تەشەنەی سەندبوو، ڕەشەباکە شڵەژاوتر بووبوو!! ئێستا دەتوانم بازنە سوورە پڕلە خوێنەکەی مانگەکە

**ببینم، پاشان دیوارەگەورەکەی خانووەکە داڕووخاو کەوتەخوارەوە.. هاواری دەنگێکی درێژ بوو وەك دەنگی هەزارەها شەپۆل، لەدواییدا دەریاچە قووڵە تاریکەکە پڕبۆوە بەپارچەی دیوارە ڕووخاوەکانی خانووەکەی یووشـــــــــــــــــــەر!!!!!!!!..**

## پشیلە ڕەشەکە

تۆ باوەڕ بەم چیرۆکە ناکەیت، بەڵام چیرۆکێکی ڕاستە، ڕاستە هەروەکو چۆن من لێرە دانیشتووم‌و دەینووسم، ڕاستە هەروەکو چۆن لەبەیانیدا دەمرم. بەڵێ، ئەم چیرۆکە لەگەڵ مندا کۆتایی دێت، سبەینێ لەگەڵ مەرگی مندا..

من هەمیشە کەسێکی بەبەزەیی بووم‌و خەڵکم خۆش ویستووە، هەموو کەسێك ئەوەت پێدەڵێت ، هەروەها ئەوەت پێدەڵێن کەمن هەمیشە ئاژەڵم لەهەمووشتێك خۆشترویستووە. کاتێك کوڕێکی بچووك بووم خێزانەکەم هەمیشە چەند گیاندارێکی جیاوازی هەبووبەدەوری خانووەکەماندا، کاتێك گەورە بووم زۆربەی کاتم لەگەڵ ئاژەڵەکاندا بەسەر دەبرد، خواردنم دەدانێ‌و پاکم دەکردنەوە.

زۆر گەنج بووم کاتێك ژنم هێناو زۆرشادمان بووم کاتێك زانیم خێزانەکەم وەکو من هەموو ئاژەڵەکانی خۆش دەوێت‌و هاوڕێیانە، ئەوجوانترین ئاژەڵی بۆکڕین. هەموو جۆرەکانی باڵندەو ماسی ئاڵتوونی‌و سەگی بچووك‌و پشیلەمان هەبوو، پشیلەکە زۆر گەورەوجوان بوو، ڕەش بوو، هەمووگیانی ڕەش بوو هەروەها زۆر زیرەك بوو، هێندە زیرەك بوو زۆرجار خێزانەکەم پێکەنینی دەهات بەبڕوایخەڵکی، کەسانێك بڕوایان وابوو کە هەموو پشیلەیەکی ڕەش شەڕەنگێزە، دوژمنن لەجەستەی پشیلەیەکدا.. پلوتۆ- ئەمە ناوی پشیلەکە بوو- خۆشەویستی من بوو، ئەوە من بووم کەهەمیشە خواردنەکەیم پێدەدا، بۆ هەموو شوێنێك دوام دەکەوت. زۆرجارنەمدەهێشت لەشەقامەکاندا دوام بکەوێت!! بۆ چەند ساڵێك ئەوومن پێکەوە بەشادمانی ژیاین، باشترین هاوڕێم بوو، بەڵام لەماوەی ئەو ساڵانەدا من وردە وردە دەگۆڕام، ئەو دوژمنە شەڕەنگێزەی مرۆڤ کەپێی دەڵێن مەشروب منی گۆڕی ، بەڕەحم نەمابووم، ئەوکەسانەم خۆش نەدەویست کەپێشتر دەمناسین، زۆرخۆخۆیی دەرچووم زۆرجار دەستبەجێ تووڕە دەبووم بەرامبەر بەشتی پڕوپووچ، واملێهات زمانێکی ناشرین بەکاربهێنم بەزۆری لەگەڵ ژنەکەمدا، تەنانەت هەندێك جار لێم دەدا، بێگومان هەر لەوکاتەدا زۆرجار بەرامبەر بەئاژەڵەکانمان کردەوەی ترسناکم دەنواند!! لەهەموویانم ئەدا بەڵام هەرگیز لەپلوتۆم نەئەدا، نەخۆشییەکەم خراپتربوو، ئۆه.. بەڵێ، خواردنەوە نەخۆشییەکە، پاش ماوەیەکی کەم واملێهات ئازاری پلوتۆ خۆشەویستەکەشم ئەدا.

ئەوشەوەم باش لەبیرە درەنگ هاتمەوە بۆماڵەوە، جارێکی ترفوول سەرخۆش بووم!! تێنەدەگەیشتم بۆچی پلوتۆ خۆشحاڵ نییە بەبینینم، پشیلەکە دوور کەوتبۆوە لێم!! پلوتۆکەم نەیدەوویست نزیك بکەوێتەوە لێم!! گرتم‌و بەرزم کردەوە، بەتوندی بەرزم کردەوە، ترسا لێم‌و گازێکی لەدەستم گرت، دەستبەجێمن چیدی خۆم نەبووم، کەسێکی تر لەناو جەستەمدا بوو!! کەسێك شەڕەنگێزو شێت‌و سەرخۆش!! چەقۆکەم لەگیرفانم دەرهێناو ئاژەڵە بەستەزمانەکەم بەمل هەڵگرت‌و یەکێك لەچاوەکانیم هەڵکۆڵی!!..

بەیانی داهاتوو کاتێك بەئاگاهاتم مێشکم پڕیبوو لەئازارو ترس، لەناخمدا داوای لێبووردنم لێکرد، تێنەدەگەیشتم کەچۆن ئەوکارە شەڕەنگێزییەم کردووە؟ بەڵام پاش کەمێك، خواردنەوە یارمەتی ئەوەی دام کەبیرم بچێتەوە، ووردەووردە پشیلەکە بەرەو باشی دەچوو، پاش کەمێك هیچ ئازارێکی نەما، ئێستا تەنها چاڵێکی ووشکی ناشرین لەچاوێکی دایە. وەکو کردەوەی جارانی وایلێهات بەدەوری ماڵەکەدا دەڕۆیشت، ئێستا هەرگیز لێم نزیك نابێتەوە، بێگومان، کاتێك لێی نزیك دەبوومەوە ڕای دەکرد. زانیم کەچیدی منی خۆش ناوێت، سەرەتا دڵگران بووم لەدواییدا وورده وورده هەستم بەتووڕەیی دەکردو کارێکی ترسناکی ترم کرد، دەبوو ئەوە بکەم خۆم بۆڕانەدەگیرا، ئەوەم کرد لەگەڵ خەمێکی ترسناك لەدڵمدا چونکە

زانیبووم شەڕەنگێز بووە، پاشان بۆچی ئەوەم کرد؟ بەڵێ، ئەوەم کرد چونکە زانیبووم شەڕەنگێز بووە، دەبووچی بکەم پشیلەکەم گرتو بەمل هەڵمواسی بەدارێکدا تاوەکو مرد!!.

ئەو شەوە دەستبەجێ بەئاگاهاتم، جێگاکەم لەسەر ئاگر بوو، گوێم لەخەڵکی بوو لەدەرەوە هاواریان دەکرد ئـــاگر!! ئـــاگر!!ماڵەکەمان گڕی گرت، منو خێزانەکەمو خزمەتکارەکەمان بەختمان هەبوو چونکە ڕزگارمان بوو، وەستابووینو تەماشای خانووەکەمان کرد کەسووتاو داڕووخا بەسەر زەوییەکەدا، هیچ شتێك لەماڵەکە بەجێنەمابوو، لەشەودا هەموو دیوارەکانی ڕووخابوون تەنها یەکێکیان نەبێت، دیوارێك لەناوەڕاستی خانووەکەدا، درکم بەوە کرد کەئەم دیوارە بۆچی نەسووتاوە؟ لەبەرئەوەی پلاستەرێکی تازەی لەسەربوو، پلاستەرەکە بەتەواوی تەڕبوو، تووشی سەرسوڕمان بووم کاتێك حەشاماتێکی زۆری خەڵکەکەم بینی لەنزیك دیوارەکە، قسەیان دەکردو لەوە دەچوو کەبەتەواوی واقیان وڕمابێت، چوومە نزیکترو لەسەرووی شانیانەوە تەماشام کرد، شێوەیەکی ڕەشم لەپلاستەرە سپییە تازەکەدا بەدیکرد شێوەی پشیلەیەکی گەورەبوو کەبەمل هەڵواسرابوو، بەترسێکی تەواوەتییەوە سەیری شێوەکەم کرد، چەند دەقیقەیەك تێپەڕی پێش ئەوەی بتوانم جارێکی تر بەڕوونی بیربکەمەوە، دەمزانی کەدەبوو هەوڵ بدەم بەڕوونی بیربکەمەوە، دەبوو بزانم کەبۆچی ئەوە لەوێدابوو..

هەڵواسینی پشیلەکەم بیرکەوتەوە لەباخچەی خانووەکەدا لەنزیك دەرگاکە، لەماوەی ئاگر کەوتنەوەکەدا باخچەکە پڕی بووبوو لەخەڵك پێدەچێت کەسێك بەدرەختەکەوە سەری پشیلە مردووەکەی بڕی بێتو لە پەنجەرەکەوە فڕێی دابێت بۆئەوەی من خەبەربکاتەوە، دیوارە ڕووخاوەکان پاڵیان بەئاژەڵەکانەوە نابوو بەرەو ڕووی پلاستەرە تازەکە، پشیلەکە بەتەواوی سووتابوو، شێوە ڕەشەکەی بەتەواوی لەپلاستەرە تازەکەدا دەرچووبوو، بەڵێ من دڵنیام کە ئەوە ڕوویدابوو..

بەڵام نەمتوانی ئەو شێوە ڕەشە بۆماوەی چەند مانگێك لەبیربکەم تەنانەت لەخەونەکانیشمدا بەدیم دەکرد، هەستم بەناخۆشی دەکرد بەرامبەر بەلەدەستدانی ئاژەڵەکە، لەدواییدا دەستم کرد بەگەڕان بەدوای دانەیەکی تردا، زۆربەی بەبەشە هەژارنشینەکانی شارەکەماندا دەگەڕام ئەوشوێنانەی کە بەسەرخۆشی پیایدا دەڕۆیشتم، بۆ پشیلەیەکی تر دەگەڕام بەهەمان قەبارەو جۆری پلوتۆ.

شەوێك کاتێك لەمەیخانەیەکی تاریكو پیسدا دانیشتبووم تێبینی شتێکم کرد لەسەر لووتکەی خەزێنەکە، نزیك لەهەندێك بوتڵی شەراب، تووشی سەرسوڕمان بووم کاتێك بینیم، بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك تەماشای ئەو بوتڵانەم دەکرد هەستم کردو دڵنیابووم کە ئەوشتە پێشتر لەوێدا نەبوو، هەستام ڕۆیشتم بزانم ئەوە چیبوو، دەستم بەرزکردەوە دەستم لێداو بینیم پشیلەیەکی ڕەش بوو، دانەیەکی زۆر گەورە وەکو پلوتۆ گەورە بوو زۆر بەپلوتۆش دەچوو، تەنها ئەوە نەبێت کەپلوتۆ لەهیچ شوێنێکی لەشیدا تووکی سپی پێوەنەبوو، بەڵام ئەم پشیلەیە شێوەیەکی سپی گەورە لەلاتەنیشتەکانیدا هەبوو.

کاتێك دەستم لێدا هەستایە سەرپێو چەند جارێك بەتوندی دەستم هێنا بەسەریدا خۆشی دەویستم، ئەمە ئەو ئاژەڵەبوو کەبەدوویدا دەگەڕام!! بەردەوام بوو لەوەی کەببێت بەهاوڕێیەکی زۆر شیرینمو لەدواییدا کاتێك ڕۆیشتم بەرەو شەقامەکە بەدووم کەوت. بەدرێژایی ڕێگەی ماڵەوە لەگەڵمدا هاتەوە، ئێستا ئێمە ماڵێکی ترمان هەیە، وهاتە ژوورەوە، دەستبەجێ بازیدایە سەر کورسییە زۆرنەرمەکەو چوو نووست، لەگەڵمانــدا مایەوە، بێگومان هەردووکمانی خۆش دەویستو یەکسەر بوو بەئاژەڵە پەسەندەکەی خێزانەکەم.

بەڵام کاتێك هەفتەکان ڕابووردن واملێهات زیاترو زیاتر ڕقم لەئاژەڵەکە دەبۆوە، نەمزانی بۆچی ڕقم لەو ڕێگەیە دەبۆوە، کەئەو منی پێخۆش دەویست. دەستم کرد بەڕق لێهەڵگرتنی بەڵام هەرگیز بێ ڕەحم نەبووم بۆی، بەڵێ، زۆر دەسڵەمیمەوە بەرامبەر بەوە خۆم بەدوورگرت لێی لەبەرئەوەی بیرم کەوتەوە کەچیم کردبوو لەپلوتۆی بەستەزمان، بەهەمان شێوە ڕقم لەئاژەڵەکە بوو لەبەرئەوەی یەك چاوی هەبوو!!

لەدوای ئەو بەیانییەی لەگەڵمدا هاتبۆوە بۆماڵەوە سەرنجی ئەوەم دابوو، بێگومان، تەنها ئەوە بوو کەوای لەخێزانە ئازیزەکەم کردبوو کەزیاتر خۆشی بوێت، بەڵام تازیاتر ڕقم لەپشیلەکە بوایە ئەو زیاتر خۆشی دەویستم، بۆهەموو شوێنێك بەدووم دەکەوت، بەردەوام بەشوێن پێکانمدا دەهاتودەچوو.. کاتێك دادەنیشتم ئەویش هەمیشە لەژێر کورسییەکەمدا دادەنیشت، زۆربەیجار هەوڵی ئەدا باز بەسەر ئەژنۆکانمدا بدات، کاتێك وای دەکرد دەمویست بیکوژم بەڵام نەمدەکرد خۆم ڕادەگرت چونکە پلوتۆم بیردەکەوتەوەو بەهەمان شێوەلەبەرئەوەی لەئاژەڵ دەترسام.

چۆن دەتوانم ئەم ترسە ڕوون بکەمەوە؟! لەڕاستیدا ئەوە ترسێك نەبوو لەهەندێك شتی شەڕەنگێز.. بەڵام لەدواییدا چۆن بەڕێگەیەکی تر لەوانەیە بتوانم وەسفی بکەم؟ وردە وردە ئەم ترسە سەیرە گەشەی سەند بۆترس‌و دڵەڕاوکێ، ئەگەر پێت بڵێم بۆچی تۆ باوەڕم پێناکەیت، واهەست دەکەیت کەمن شێتم.. هەندێکجار، خێزانەکەم پشیلەکەی دەگرت‌و شێوە سپییەکەی سەرسنگی پیشان دەدام، پێیدەگوتم شێوەکە وردە وردە دەگۆڕیت، بۆماوەیەکی زۆر باوەڕم پێنەدەکرد بەڵام هێواش هێواش پاش چەند هەفتەیەك دەبینم خێزانەکەم ڕاست دەکات شێوەکە گۆڕا، لاتەنیشتەکانی ڕێکتر و ڕێکتر دەبوون ئەوە سەرەتایەك بوو بۆئەوەی کەزۆر زۆر لەشتێك بچێت.. پاش چەند هەفتەیەکی کەم بینیم کەشێوەکە چییە، زۆر مەحاڵ بوو بینینی ئەوشتە!! لەلاتەنیشتەکانیدا شێوەی شتێك بەدی دەکرا، من تاڕادەیەك زۆر دەترسم ناوی بهێنم!! ئامێرێکی ترسناکی ئەشکەنجەومەرگ بوو، بەڵێ، پەتی قەنارە!!..

من چیدی مانای دڵخۆشی‌و پشووم نەدەزانی، لەڕۆژدا ئاژەڵەکە هەرگیز بەجێی نەدەهێشتم، لەشەودا نزیکەی هەموو سەعاتێك بەئاگای دەهێنام، لەبیرمە کەلەخەونێکی ترسناك بەئاگاهاتم هەستم کرد لەنزیك دەم‌وچاومەوە دانیشتوە، لاشە قورسەکەی پەستانێکی زۆری خستبۆوە سەردڵم!! من کەسانێکی زۆرجیاوازم دەناسی، تۆزقاڵێك چاکی‌و باشە لەمندا بەدی نەدەکرا، تەنها هەستێکی شەڕەنگێزم هەبوو، تاریکترین‌و شەڕەنگێزترین هەست، زۆر ڕقم لەهەموو کەسێك، هەموو شتێك تەنانەت ژنە خۆشەویستەکەشم دەبۆوە، ڕۆژێکیان خێزانەکەم لەگەڵمدا هاتە ژێرزەمینەکە بۆبڕینی هەندێك تەختە ( ئێمە زۆر هەژاربووین لەبەرئەوە خزمەتکارمان نەبوو) بێگومان پشیلەکە لەگەڵمدا هاتەخوارەوە بەقادرمەکەداو خەریك بوو بمخاتە خوارەوە، ئەمە منی زۆر تووڕەکرد تائەو ڕادەیەی دەستم دایە تەورێك‌و هەوڵمدا بیکەم بەدووکەرتەوە بەڵام کاتێك کەتەورەکەم هێنایەوە بۆخوارەوە خێزانەکەم بە دەستەکانی شانی گرت‌و نەیهێشت، ئەمە ئەوەندەی تر کەللەیی کردم‌و دەستی خێزانەکەم لابرد لەسەر مەچەکم، جارێکی تر تەورەکەم بەرزکردەوەو بەقایمی دامهێنایەوە بۆخوارەوەو وونم کرد لەسەریدا!!! دەبوو لاشەکە بشارمەوە دەمزانی کەناتوانم بیبەمە دەرەوەی خانووەکە، دراوسێکان درکیان بەهەموو شتێك کردبوو، بیرم لەوە دەکردەوە پارچە پارچەی بکەم‌و بیسووتێنم، بیرم لەوە دەکردەوە لەژێرزەمینەکە دفنی بکەم، بیرم لەوە دەکردەوە لەکۆتایی باخچەکەوە فڕێیدەمە نێو ڕووبارەکە، بیرم لەوە دەکردەوە بیخەمە نێو سندووقێکی تەختەوەو فڕێیدەمە دەرەوەی ماڵەکە لەکۆتاییدا بڕیارمدا لەناو یەکێك لەدیوارەکانی ژێرزەمینەکەدا بیشارمەوە، بینایەکی تەواو کۆن بوو، نزیك لە ڕووبارەکە دیواری ژێرزەمینەکە تەواو شێدار بوو هەروەها پلاستەرەکەش زۆر نەرم بوو، لەیەکێك لەدیوارەکاندا پلاستەرێکی تازە هەبوو من دەمزانی لەژێر ئەو پلاستەرەدا دیوارەکە زۆر بەهێز نییە هەروەها دەمزانی کە ئەم دیوارە زۆر ئەستوورە!!!.

دەمتوانی لاشەکە لەناوەڕاستیدا بشارمەوە، کارێکی قورس نەبوو، هەندێك پلاستەرم لابردو هەندێك بەردم فڕێدایە دەرەوەو چاڵێکم لەناوەڕاستی دیوارەکەدا کرد، خێزانەکەم خستە ناو چاڵەکەو بەردەکانم خستەوە شوێنی خۆی‌و هەندێك پلاستەری تازەم کردەوە بەدیوارەکەوە لەدواییدا زەوییەکەم پاك کردەوەو بەوردی تەماشای چوار دەوری خۆمم کرد، هەموو شتەکان وەکو پێشووتر وابوون هیچ کەسێك نەیدەزانی!! دواتر بەقادرمەکەدا سەرکەوتم بۆئەوەی پشیلەکە بکوژم، ئاژەڵەکە بەختێکی خراپی پێدام پێویست بوو

بیکوژم، هەموو شوێنێك گەڕام بەڵام نەمدۆزییەوە، دڵنیا بووم لەوەی بەهۆی کوشتنی ژنەکەمەوە پشیلەکە ئەوەندە زیرەکە لێم نزیك ناکەوێتەوەو هەروەها بەشەویش نایەتەوەماڵەوە، پاشان بۆ یەکەمجار دوای ماوەیەکی درێژ بەباشی نووستم!!..

کاتێك بەیانی داهاتوو بەخەبەر هاتم تووشی سەرسوڕمان بووم کەدەبینم پشیلەکە لێرەنییە، دوو سێ ڕۆژ تێپەڕیو پشیلەکە هەرنەبوو، ناتوانم پێت بڵێم کەچەندە هەستم بەدڵخۆشی دەکرد هەستم کرد بەبێ پشیلەکە باشترم، بەڵێ، ئەوە ئەو بوو ئەو هەموو ناخۆشییەی پێدابووم، بەڵام ئێستا بەبێ ئەو واهەست دەکەم کەجارێکی تر من مرۆڤێکی ئازادم!! زۆر خۆشبوو، ئیتر پشیلەیەکی تر نییە!! هەرگیز نییە.. چەند کەسێك هاتن‌و پرسیاری خێزانەکەمیان لێدەکردم بەلام من زۆر بەئاسانی وەڵامم ئەدانەوە، پاشان لەڕۆژی چوارهەمدا پۆلیس هات، تووشی هیچ دوو دڵییەك نەبووم کاتێك ماڵەکەیان پشکنی داوایان لێکردم لەکاتێکدا بەماڵەکەدا دەگەڕێن لەگەڵیان بچم!! هەموو شوێنێکی گەڕان، چەند جارێك، پاشان چوونە ژێرزەمینەکە بێگومان هیچیان نەدۆزییەوەو ئامادەبوون کەبڕۆن، زۆر دڵخۆش بووم بەرامبەر بەوەی کە نەمدەتوانی بێدەنگ بم لەقسەکردن لەکاتێکدا کە ئەوان بەسەر قادرمەکاندا سەردەکەوتن.

لەڕاستیدا نەمدەزانی کەچی دەڵێم گووتم" هەمووتان ڕۆژتان باش، بەڕێزانم بەڵێ ئەمە خانوویەکی کۆنەو باش دروست کراوە، وانییە؟! بەڵێ زۆرباش دروستکراوە، ئەم خانووە کۆنە، ئەم دیوارانە » ئەوە بەڕێزان دەڕۆن؟! ئەم دیوارانە پتەون، وانییە؟! بەقورسی دەستمدا لەو بەشەی ئەو دیوارەی کەخێزانەکەمی تێدا بوو، لەناو دیوارەکە دەنگێك هات‌و وەڵامی لێدانەکەی منی دایەوە!! گریان بوو!! وەکو منداڵێك چۆن دەگری!! بەخێرایی گەشەی سەند بۆ ئازارو ترس، بینیم پۆلیسەکان لەسەر قادرمەکان وەستان‌و دەمیان داچەقاندبوو!! دەستبەجێ بەڕاکردنێکی خێرا هاتنە خوارەوەو دیوارەکەیان ڕووخان، دیوارەکە بەخێرایی ڕووخاو خێزانەکەمیان لەناویدا دۆزییەوە، سەیریان دەکرد لەوێدا بوو لەگەڵ خوێنێکی ووشك بۆوە بەسەرییەوەو هەروەها پشیلەکەش لەوێبوو!! لەسەر سەری خێزانەکەم وەستابوو، دەمە سوورەگەورەکەی بەهاوارێك کرایەوەو تاکە چاوە ئاڵتوونییەکەی وەکو ئاگر دەبریسکایەوە، ئەو پشیلە زیرەکە خێزانەکەم بەهۆی ئەوەوە مردو ئێستاش دەنگە شەڕەنگێزییەکەی من پەلکێش دەکات بۆ پەتی قەنارە!!..

## دەمامكی مەرگی سوور

بۆماوەیەكی دوورودرێژ مەرگی سوور لەهەموو شوێنێكی سەر زەویدا هەبوو، هیچ تاعونێك هەرگیز وانەبوو كەهەندێكی لەناودەبرد، هیچ مەرگێكیش هەرگیز وەكوئەو ترسناك نەبوو، سەرەتا هەستت بەسووتانی ئازارەكانت دەكرد لەتواناو بەرگری خۆتتدا پاشان سەرت گێژی دەخواردو خوێن لەپێستەكەتەوە دەهاتە دەرێ، بەڵێ، خوێن لەهەموو لەشت دەچۆڕا بەڵام بەزۆری لەدەم‌وچاوتەوە، هەروەها بێگومان، كاتێك خەڵكی تۆی دەبینی یەكسەر بەجێیان دەهێشتی، كەس نەیدەویست یارمەتیت بدات، دەم‌وچاوە سووورە ترسناكەكەت بەخەڵكی دەگووت: زۆر درەنگە!!.. بەڵێ مەرگی سوور نەخۆشییەكی زۆركورت بوو، تەنها نزیكەی چارەكە سەعاتێك بوو لەدەستپێكردنییەوە بۆ كۆتایی تۆ!!..

بەڵام ئەمیر پڕۆسپیرۆ ئەمیرێكی ئازاو كەیف خۆش‌و حەكیم بوو، كاتێك نیوەی خەڵكی خاكەكەی مردن، هەزار هاوڕێی كەیف خۆش‌و تەندروستی هەڵبژاردو دووری خستنەوە لەشار، بەسەر گردە بەرزەكاندا بردنی‌و دووری خستنەوە بۆ ماڵە بەرەواجەكەی خۆی كەلەناوەڕاستی دارستانێكدا بوو، خانوویەكی زۆر گەورەوجوان بوو، دیوارێكی بەرزی قایمی هەبوو، دیوارەكە تەنها دەرگایەكی هەبوو لەپتەوترین كانزا دروستكرابوو.

كاتێك ئەمیرو هەموو هاوڕێكانی بەسەلامەتی لەناوەوە بوون هەندێك لەكارەكەرەكانی پاڵیان بەدەرگا گەورەكەوەناوحەپس بوون، داوای یارمەتییان لێكرد، ئەمیرەكە دەرگاكەی قوفڵ داو كلیلەكەی (كەتەنها كلیل بوو) بەسەر دیوارەكەدا تووڕدایە نێو دەریای دەرەوەی خانووەكەو دەستیكرد بەپێكەنین‌و سەیری ئەڵقە بازنەیییەكەی دەكرد لەئاوە تاریكە قووڵەكەدا، ئێستا هیچ كەسێك ناتوانێت بێتە ژوورێ یان بچێتە دەرەوەی ماڵەكە. بڕێكی پاشەكەوت لەخواردن هەبوو بۆزیاد لەساڵێك بەشی دەكرد، ئەمیرو هاوڕێ بەختەوەرەكانی ترس‌و دڵەڕاوكێیان نەبوو سەبارەت بەمەرگی سوور لەدەرەوە، جیهانی دەرەوە دوودڵ بوون بەرامبەر بەخۆیان!!..

لەماوەیەكی كەم‌و نزیكدا هەموو كەسێك ترسی ئەوتاعوونەیان لەبیركرد، لەناو خانووە جوانەكەی ئەمیردا ئەمانەت‌و دڵنیایی هەبوو، هەموو شتێك هەبوو بۆبەسەربردنی كاتێكی خۆش، سەماكەر، مۆزیكا ژەن، ئافرەتی جوان، خواردنەوە هەبوون، هەموو ئەمانـــــەو (زیاتریش) لەناوەوە هەبوون‌و مەرگی سوور لەدەرەوەبوو..

دوای پێنج مانگ- تاعونەكە بەردەوام لەهەموو شوێنێكی زەویدا هەبوو ئەمیر پڕۆسپیرۆ ئاهەنگێكی تایبەتی سازدا بۆ هەزار هاوڕێكەی، ئاهەنگی دەمامك بوو، بۆ زۆربەی جۆرە نائاسایییەكانی دەمامك.

ئەمیر پڕۆسپیرۆ ئەم ئاهەنگەی لەنوێترین بەشی ماڵەگەورەكەیدا سازدا لەحەوت ژووردا كەهەرگیز بەكاری نەدەهێنان لەحاڵەتی ئاساییدا، تەنها میوانە گرنگەكانی بۆنمونە ئەمیرە بیانییەكان ئەو ژوورانەیان بەكاردەهێنا حەوت ژوورەكەو هەروەها بۆچی ئەمیر ئەو ژوورانەی هەڵبژارد بۆ ئاهەنگەكە زۆر نائاسایی بوون!! ئەمیر پڕۆسپیرۆ تەنانەت چەند بیرێكی نائاسایی هەبوو، كەسێكی زۆر نائاسایی بوو!! پێش هەموو شتێك ژوورەكان لەسەر هێڵێكی ڕاست نەبوون، دەبووایە هەر بیست بۆسی یاردێك برۆیشتیتایەو پێچت بكردبایەوە ئینجا دەتتوانی لەهەمان كاتدا یەكێكی دی لەژوورەكان بەدی بكەیت، بەڵێ، بەشێكی سەیری خانووەكە بوو، هەروەها لەهەر ژوورێكدا كەل‌وپەلەكان جیاواز بوون، لەگەڵ هەر پێچێكدا هەمیشە هەندێك شتی تازەو سەرنج ڕاكێشت بەدی دەكرد، لەهەموو ژوورەكاندا دوو پەنجەرەی درێژوو تەسك هەبوون لەهەرلایەك دانەیەك، لەپەنجەرەكاندا شووشەی ڕەنگاوڕەنگی تێدابوو، هەر ژوورەو ڕەنگێكی

جیـاواز، بێگومـان هـەموو شـتی شـوێنەکانی تـر بـیرو داهێنـانی ئـەمیربوون (لـەبیرم چـوو پێـت بڵـێم :ئەمیرخەریتەی دانابوو بۆ ئەم بەشەیماڵەکەی)..

بێگومـان ئـەوە ئـەمیر بـوو کـەدیکۆری ژوورەکـانی دانـابوو بۆئاهەنگەکـە، ئاسـایی ئـەو ئیـشەی بەرێگـە نائاسایی‌یەکەی خۆی دەیکرد، هەروەك پەنجەرەکان هەموو ژوورەکان ڕەنگی جیاوازی خۆیان هەبوو، یەکەم ژوور لەکۆتایی ڕۆژهەڵاتی‌یەوە شین بوو، بەهەمان شێوە پەنجەرەکانی شینی کاڵبوون، لـەژووری دووهەمـدا هەموو شتێك سوور بوون وەك پەنجـەرەکان، لەسـێهەمدا هـەموو شـتێك سـەوزبوو، چـوارەم پرتـەقاڵی بـوو، پێنجەم سپی، شەشەم زەرد، لەحەوتەم ژووردا هەموو شتێك ڕەش بوو- هەموو شوێنێك بـەڵام پەنجـەرەکان ڕەنگێکی سووری تێری تۆخ بوو- بـەڕەنگی خـوێن دەچوو!! لەهەرحـەوت ژوورەکـەدا هـیچ شـوێنێك گڵۆپی نەبوو، ڕووناکی لە پەنجەرەکانی هەرلاتەنیشتێکەوە دەهات، لەدەرەوەی هەر پەنجەرەیەکـدا ئاگرێـك هـەبوو کەلـە دەفرێکـی گـەورەی کـانزادا دەسـووتا، ئـەم ئاگرانـە ژوورەکـەیان پڕدەکـرد لەدرەوشـانەوە، ڕەنگێکـی تێروسەیر، بەڵام لەژوورەکەی ڕۆژئاوادا- ژوورە ڕەشەکە- ڕووناکی‌یە ڕەنگ خوێنینەکە ترسناك بوو، ترسـی دەبەخـشی، هەرکـەس بەوێـدا بڕۆیـشتایە دەمو چـاوێکی کێـوی پێـوە دەردەکـەوت، کەسـانێکی کـەم ئـەو ئازایەتی‌یـــەیان هـــەبوو کەپێیـــەکیان بخەنـــە نـــاوی. کاتـــژمێرێکی گـــەورە بـــەدیوارە دوورەکـــەی ژوورە ڕەشەکەوەبوو، مەکینە گەورەکـەی خـەمناکی دروسـتدەکرد، دەنگێکـی بـەرزی دینـگ.. دینـگ.. دینـگ هـەر سـەعاتەی یـەکجار، کاتێـك دەقیقـە ژمێرەکـە دەگەیـشتە سـەردوانزە، دەنگێکـی زۆر بـەرز، زۆر قـووڵ، زۆر ڕوونو زۆر... هەروەها زۆر مۆزیکایی‌یەکی سەیری دروست دەکرد کەمۆزیکا ژەنەکان دەوەستانو گوێیان بۆ دەگـرت، هـەموو سـەماکارەکان دەوەسـتان، هـەموو ئاهەنگەکـە دەوەسـتا، هـەموو کەسـێك گـوێی لەدەنگەکـە دەگـرت.. هەنـدێك لەخەڵکەکـە دەموچـاویان سـپی هەڵدەگەڕاوئـەوانی تـریش سـەریان گێـژی دەخـوارد.. هەندێکی تر دەستیان دەخستە سەر سەریان، سەریان سـووڕدەما بەرامبـەر بـەو هەسـتە نامۆیـەی بەخـەون دەچووٍ.. کاتێك دەنگەکە نەدەما بێدەنگی‌یەکی سەیرو نامۆ دەخولقا، پێکەنینێکی ڕوون ئـەو بێدەنگی‌یـەی دەشکاند خەڵکەکە بەخێرایی‌و بەهێمنی پێدەکەنین، مۆزیکاژەنەکان تەماشای یەکدیان دەکردو پێدەکەنین، بەڵێنیان بەیەکدی دەدا کە کاتژمێرێکی‌تر هات ئەوەندە بێ عەقڵ نەبن، نەوەسـتنو بـەوجۆرە گوێنـەگرن، لەژەنین بەردەوام بن بێ ئەوەی بەهیچ جۆرێك گوێبگرن..

بـەڵام دواتـر دوای سێ هـەزارو شـەش سـەد چـرکە کاتژمێرەکـە جارێکی تـرو جارێکی‌تر هـەمان دەنگـی دروست کرد، هەموو شتێك وەستا، جارێکی تر دەموچاوی خەڵکەکە سپی هەڵگەڕا، جارێکی تر ئـەو هەسـتە سەیرەی بەخەون دەچوو لەمێشکی خەڵکەکەدا ڕەنگی دایەوە، جارێکی تـر هـەمان بێـدەنگی بـەتاڵ، هـەمان پێکـەنینی لەسـەرخۆ، هـەمان زەردەخەنـەو هـەمان بەڵێنـدان.. بـەڵام ئەگـەر ئێمـە ئەمـە لەبیربکـەین ئاهەنگێکی خۆشبوو، بەڵێ دەتوانین بڵێین: بەڕاستی ئەمیرەکە چاوێکی باشی هەبوو بۆ ڕەنگـەکانو هـەموو هاوڕێکانی چێژیان لـەدیکۆرە سـەیرەکەی وەرگـرت. هەنـدێك خـەڵك وایـان هەسـت دەکـرد کەشـێت بـووە، بێگومـان(تـەنها ئـەو کەسـانەی ئـەمیریان بـاش دەناسـی دەیـانزانی کـە شـێت نـەبووە)، بـەڵام زیـاد لـەوەی دیکۆرەکانی هەڵدەبژارد بەهەمان شێوە ڕێگەیەکی هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی هەریەکێك چی لەبەربکات.

ئـۆه، بـەڵێ، دەتوانیـت دڵنیابیـت لـەوەی کـە بەشـێوەیەکی سـەیرخۆیان دەگـۆڕی‌و هەنـدێکیان زۆر لـەوە زیاتربوون کەوەك نامۆیەك دەربکەون، بەڵێ لـەو ئاهەنگـەدا پارەیـەکی کـانزایی بـۆ هـەموو شـتێك هـەبوو، بۆجوانی، بۆ ناشیرینی!! بۆ ترسـێکی زۆر، لەخـەونی پیـاوێکی شـێت دەچـوون، ئـەو خەڵکـەی ئـەو دەمامکـە سەیرەیان لەدەمو چاو دەکرد سەمایان بۆ ئەو مۆزیکا کێوییـە دەکـرد، هەڵدەسـتانو دادەنیـشتن، ڕەنگـەکان دەگۆڕان کاتێك لەژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر سەمایان دەکرد، هەتاکو دەقیقـە ژمێرەکـەی کاتـژمێری سـەر دیوارەکـە دەگەیـشتەوە سـەر سـەرە سـەعاتەکەی.. دواتـر هـەروەکو چـۆن یەکـەم جـار گـوێ یـان لـەدەنگی کاتژمێرەکە بوو، هەموو شتێك وەکو پێشووتر دەوەستا. خەونەکان بەبێـدەنگی دەمانـەوە هـەتاوەکو دەنگـە

قووڵە گەورەکەی کاتژمێرەکە نەدەما، دواتر هەمان ئەو بێدەنگییە سەیرە دەبوو پاشان ئەو پێکەنینە کەم و لەسەرخۆیە دەبوو، دواتر مۆزیکاکە سەرلەنوێ دەستپێدەکردەوە، خەونەکان زیاد لەجارێك دەڕۆیشتن و نەدەمان، زیاد لەهەر کاتێك بەدڵخۆشی سەمایان دەکرد، سەمایان دەکردو سەمایان دەکرد، لەسەر یەك، لەسەریەك، بەهەموو ژوورەکاندا جگە لەژوورێکیان هیچ کەسێك نەیدەوێرا بچێتە ژوورەکەی ڕۆژئاوا، لەگەڵ هەموو دەقیقەیەکدا ڕووناکییە ڕەنگ خوێنینەکە بەدرەوەشاوەییەوە دەگەشایەوەو زیاتر ترسناك دەبوو، بەڵام لەژوورەکانی تردا ئاهەنگەکە زیاد لەهەر کاتێك گەرمتر دەبوو، سەما کێوییەکە لەسەر یەك دەڕۆیشت، تاوەکو دەقیقە ژمێرەکە دەگەیشتەوە سەر سەرە سەعاتەکەی، پاشان، بێگومان کاتێك یەکەم دەنگی کاتژمێرەکە دەبیسترا، مۆزیکا دەوەستا، سەماکەرەکان بێدەنگ دەبوون، هەموو بێدەنگ دەبوون. نیوە شەو بوو، یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج.. دوازدەجار کاتژمێرەکە هەمان دەنگی سەیرو قوڵ و زۆر مۆزیکایەکی شیرینی دروستدەکرد، نیوە شەو.. حەوت، هەشت.. لەوە دەچوو ئەمجارە دەنگەکان کۆتایی نەبێت، هەر لێدانێك لەوە دەچوو بۆ هەتاهەتایە بڕوا،و تاوەکو ئەو دوازدە سەعاتە لەسەر یەك، لەسەر یەك دەڕۆیشت.. خەڵکی ڕەنگیان سپیتر دەبوو.. سەریان گێژی دەخوارد.. زیاد لەپێشوو درکیان بەو هەستە وەك خەونە دەکرد.. هەندێکیان ئەو پیاوە درێژە دەمامك بەسەرەیان بینی کە بەهێواشی و بەبێ دەنگی بەناویاندا دەڕۆیشت، هەواڵەکان بەخێرایی بەنێو ژوورەکاندا گوزەریان دەکرد، دەست بەجێ، هەموو کەسێك لەئاهەنگەکەدا دەربارەی ئەو پیاوە درێژە دەمامك بەسەر دەدوان، کاتێك غەریبەکە بەبێدەنگی بەناویاندا دەڕۆیشت خەڵکی بەتوڕەیی و ترسەوە لێیان دەڕوانی، بەتوڕەییەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەو جل و بەرگانەی بەری و بەترسەوە بۆ ئەو دەمامکەی هەڵیبژاردبوو، ئەگەر ئەمە بۆ خستنە پێکەنینی ئەوان بوو، ئەوا ئەوە هیچ شتەکە پێکەنین ئامێز نەبوو هەتا ئەمیرەکەیش هەرگیز خەونی بە لەبەرکردنی ئەو جل و بەرگانەوە نەبینیبوو.

غەریبەکە جلێکی ڕەشی لەبەردابوو، دەمامکەکەی دەم وچاوی پیاوێکی مردووبوو، بەڵێ، دەمامکێکی مردووبوو، بەڵام ڕەنگەکەی ڕەنگی ئەو دەمامکەبوو کە هەموو کەسێکی لەترسا دەهێنایە لەرزین، دەمامکەکە سووربوو، دەمامکی مەرگی سوور بوو.

ئەمیر پڕۆسپیرۆ کە غەریبەکەی بینی بەنێو سەماکارەکاندا گوزەری دەکرد دەستبەجێ شێت و توڕەبوو، دەستی ڕاوەشاندو دەستبەجێ مۆزیکاکە وەستا، کێیە؟ ئەمیر هاواریکرد (کێیە ئەو شتە ترسناکەی دروستکردووە؟ ئەو پیاوە بگرن، دەمامکەکەی لێبکەنەوە، بەیانی سەری دەپەڕێنین) ئەمیرەکە لەکاتێکدا وای دەگووت غەریبە دەمامك بەسەرەکە دەستیکرد بە ڕۆیشتنێکی هێمنانە بەرەو ڕووی، هەموو کەسێك ± تەنانەت ئەمیر پڕۆسپیرۆی ئازایش- دەستبەجێ ترسا. هیچ کەسێك ئەو زاتەی نەبوو کە دەستی ئەو میوانە بگرێت و بیوەستێنێت، زۆر نزیك بووەوە لەئەمیرەکەو هەموویان لەهەر شوێنێك بوون هەنگاویان نا بۆ دواوە بەرەو ڕووی دیوارەکان لەکاتێکدا ئەو بە هێواشی دەچووە دەرەوەی ژوورە شینەکەو بۆ ناو سوورەکە،و بۆ ناو سەوزەکە،و پرتەقاڵییەکە،و سپییەکە،و زەردەکە دەچوو.

دەستبەجێ ئەمیر پڕۆسپیرۆ لەخۆی تووڕە بوو کەئەوەندە بێعەقڵانە دەترسێت و بەدوای غەریبەکەدا ڕایکرد، بەناو شەش ژوورەکەدا ڕایکرد بەڵام کەس لەگەڵیدا نەڕۆیشت و دوای نەکەوت، چەقۆکەی دەرهێناو ڕایکرد بۆ ژوورە ڕەشەکە، پیاوە دەمامك بەسەرەکە ئەوەی بەرەو ڕووی سووچە پێچەوانەکە دەڕۆیشت وەستا، ئەمیرەکە بەدووری یاردێك لێیەوە وەستا، پیاوە دەمامك بەسەرەکە بەپەلە پێچیکردەوەو گریانێکی پچڕپچڕی ترسناك بیسترا، چەقۆ بریسکاوییەکەی ئەمیرکەوت بێ ئەوەی هیچ دەنگێك لەسەر زەوییە ڕەشەکە بێت، ئەمیرەکەش کەوت بێ ئەوەی دەنگی ئەویش بێت، مرد.. دەستبەجێ- وکەس نەیزانی بۆچی- بەپەلە سەماکارەکان چیدی نەدەترسان حەشامەتێکی زۆریان ڕایانکرد بەرەو ژوورە ڕەشەکە، ڕایانکرد بۆ غەریبەکە کەلەسێبەری کاتژمێرە گەورەکەدا وەستابوو، کاتێك گرتیان دەمامکەکەو جلەبەتاڵەکان کەوتنە سەرزەوی، هەموویان لەترسا گریان، کەس لەناو جل و بەرگەکەدا نەبوو، کەسی تیانەبوو، لاشەی پیاوەکە

هیچ نەبوو بەڵکو هەوا بوو!! هەموویان هەستیانکرد کەوا مەرگی سوور لەناویاندایە، وەکو دزێك لەشەودا هات کاتێك چرکەکان یەك لەدوای یەك دەڕۆیشتن چکك...چکك...چکك... خەڵکەکە بەشێوەیەکی ترسناك دەمردن، بەپەلە لەهەموو شوێنێك زەوی حەوت ژوورەکە بەخوێن تەڕبوو!! کاتێك دواهەمین کەس مرد، دواهەمین گڵۆپ کوژایەوەو کاتێك دواهەمین گڵۆپ کوژایەوە ژیانی کاتژمێرەکە وەستا لەگەڵیداو هەموو شتەکان بێدەنگو تاریك بوون!!..

## بیرینس

ئیکیـۆس نـاوی منـە، خێزانەکـەم - مـن نـاوم نـەناوە - یەکێکـە لـەکۆنترین خێزانـەکانی سـەر ئـەم ڕووی زەمینە، بۆماوەی چەند سەدساڵێك ئێمە لێرە دەژیاین، لەنێو دیوارەکانی ئـەم خانووەگەورەیـەدا، هەنـدێك جـار بـەناو ژوورە بێدەنگەکانیـدا پیاسـەم دەکـرد، هـەر ژوورێکـی بەدەسـتەکانی باشـترین وەسـتا بـەتێری دیکـۆرکێش کرابـوو، بـەڵام ژوورە پەسـەندەکەی مـن هەمیـشە ژووری کتێبخانەکـەبوو، کتێبخانەکـە لێرەیە، »..، لەنێوکتێبەکاندا کە هەمیشە زۆربەی کاتیخۆمم بەسەردەبرد..

دایکم لـەنێو کتێبخانەکـەدا مـرد، مـن لێـرە لـەدایك بـووم.. بـەڵێ، هـەموو جیهـان لێـرە گـوێی لەیەکـەم گریانی من بـوو، هـەروەها ئـەو دیوارانـەش کەکتێبـەکان بەدرێژاییـدا هەڵچنراون یەکـەم شـت بـوون کەلـە ژیانمدا بەبیرم دێن!!!

من لەم ژوورەدا لەدایك بووم، بەڵام دەزانم کەژیانم لێرەوە دەستیپێنەکرد، دەزانم کەپێشتر ژیانێکی تـر ژیاووم پێش ئەوەی ئەم ژیانەی ئێستا بژیم!!! ژیانێکی ترم بەبیردێت وەکو خەونێك بەبێ شێوەو جەستە، جیهانی چاوەکان، دەنگە شیرینە غەمبارەکانو سێبەرە بێدەنگەکان، لەوشەوە درێـژە بـەئاگاهاتم، چاوەکانم کرابوونــەوەو جــارێکی دی ڕوونــاکی ڕۆژم بــەدی دەکــرد- لێــرە لــەم ژوورەدا کــەپڕە لەبیرکردنــەوەکان وخەونەکان!!!...

وەکو منداڵێك، ڕۆژەکانم لەم کتێبخانەیەدا دەگوزەراند، ڕۆژانی گەنجیشم هەرلێرە خەونم دەبینی، ساڵان ڕابـواردن، گـەورەبووم بەبێئـەوەیتێبینی بکـەمو خێرابـۆم دەرکـەوت کەچـیدی مـن گـەنج نـیم، ئێـستا لەناوەڕاستی تەمەنمـدامو تائێـستاکەش هـەرلێرە لـەماڵی بـاوکم دا دەژیـم... نزیکـەی تاڕادەیـەك بـەهیچ جۆرێك لەماڵ ناچمە دەرەوەو زۆر بەکەمی کتێبخانەکە بەجێدەهێڵم، لەگەڵ ئەوەشـدا جیهـانی واقیعـی (ژیـان لـەجیهانی دەرەوەی ئـەم دیوارانـەدا ) ووردە ووردە وەکـو خـەونێکیان لێهاتووە بەنیـسبەت منـەوە، بیرکردنەوە شپرزەکان، خەونەکانی نێو کەللەم، بوونەتە جیهانی واقیعیمن، ئەوانە بوونەتە هەموو ژیانم..

منوبیرینس ئامۆزابووین، لێرەلەم خانووەدا پێکەوە گەورەبووین، بەڵام زۆرجیاواز پـەروەردەبووین، مـن لاوازتربوومو زۆرجاریش نەخۆش، هەمیشە وون بووبووم لەنێو بیرکردنەوە تاریكوقورسەکانمدا.

ئەو بەهێزترو تەندروستتربوو، هەمیشە پڕبـوو لـەژیان، هەمیـشە دەدرەوشـایەوە وەك بریقـەی ڕۆژێکـی نـوێ!! بەسـەر گردەکانـدا، بەژێرئەوئاسمانـە شـینە گەورەیـەدا ڕای دەکـرد لەکاتێکـدا مـن لەکتێبخانەکـەدا دەمخوێنــد، لــەنێو دیوارەکــانی مێــشکم دا ژیــانم دەگوزەرانــد، شــەڕم لــەدژی دژوارتــرینو بــەئازارترین بیرکردنــەوەدا بــەرپا دەکـرد، ئەوبەخێرایـیوبەدڵخۆشـییەوە بـەنێو ژیانـدا دەگـوزەراو هـەرگیز بـیری لـە سێبەرەکانی چواردەوری خۆی نەدەکردەوە، تێبینی ساڵانی گەنجێتی خۆمـانم دەکـرد زۆر بێباکانـە ژیانمـان دەگوزەراند، بیرینس تەنها بۆ ڕۆژ ڕۆژ دەژیاو هەرگیز بیری لەبەیانی نەدەکردەوە..

بیریـنس-بـانگی دەکـەم-بیریـنس!! پاشـان هـەزاران دەنگـی شـیرین لـەڕابردوودا وەڵامـی ئەدامـەوە، ئێـستا دەتوانم بەڕوونی ببینم هەروەکوئـەوەی ئێـستا لـەڕۆژە سـەرەتاییەکانی جـوانیو درەوشـانەوەیدا بێـت.. دەیبینمو ŽŽŽŽŽ پاشان دەستبەجێ هەمووشتەکان تاریکین، خەیاڵوترسن..

ڕۆژە درەوشاوەکانی گەنجێتی ئەو لەکاتێکدا تەواو بوون کەنەخۆشییەك- نەخۆشییەکی ترسـناك- وەکـو ڕەشەبایەکی ناکاو یەخەیگرت، بینیم کەهەورێکی ڕەش بەسەریدا دەڕۆیشت، زانیم کە ئەوهەورە جەسـتەو مێشکی بەتەواوی دەگۆڕێت، هەورەکـە هاتوڕۆیـشت، هەنـدێك کەسـی بەجێدەهێـشت کـەمن نەمدەناسـین، ئەوکەسە دڵتەنگە کێیە کەئێستا بینیم؟؟ بیرینسی ئامۆزام لەکوێیە؟؟ بیرینسێك کە جارێك ناسیوومە!!..

یەکەم نەخۆشی بووە مایەی ئەوەی کەچـەند نەخۆشـییەکی تـری بـەدوادابێت یـەکێك لەوانـە نائاسـایی ترین جـۆری پەرکـەم بـوو!! ئـەم پەرکەمـە هەمیـشە لـەناکاودا دەهـات، بـەبێ ئاگادارکردنـەوە، دەسـتبەجێ

مێشکی لەئیشکردن دەوەستا، دەکەوتە سەر زەوی، دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕا، هەموو گیانی دەلەرزی، دەنگێکی سەیری دروست دەکرد، چاوەکانی چیتر نەیاندەبینی، پەرکەمەکە زۆرجار بەرۆیشتنی بۆ خەوێکی زۆر قووڵ کۆتایی دەهات!!! هەندێك جارئەوخەوە ئەوەندە قووڵ بووکە زۆرقوورسبوو بڵێیت ئەوکەسە زیندووە یان مردووە، زۆرجاریش دەستبەجێ لەخەوەکە بەئاگا دەهات هەروەکوچۆن دەستبەجێ پەرکەمەکە دەستی پێدەکرد، تەنها دەیویست کەهەستێتەوە هەروەکو ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێت..

لەوکاتەدابوو کەنەخۆشیەکەی منیش خراپتر بووبوو، هەستم کردبوو کەڕۆژلەدوای ڕۆژ خراپتر گەشەی سەندووە، دەمزانی کەناتوانم هیچ شتێك بکەم بۆ وەستانی ئەو نەخۆشیە، پاش کەمێك هەروەکو بیرینس نەخۆشیەکەم هەموو ژیانمی گۆڕی!!..

ئەوەی کەنەخۆش بوو جەستەم نەبوو بەڵکو مێشکم بوو، نەخۆشیەکی مێشکم بوو تەنها دەتوانم بەجۆرێك لە(مۆنۆمانیا*) وەسفی بکەم، زۆرجار بۆچەند سەعاتێك خۆمم ووندەکرد، نوقم دەبووم لە بیرکردنەوەدا دەربارەی هەندێك شت- هەندێك شتی بێبایەخ کەلەدواییدا دەبوونە کۆمیدیا- بەڵام دەترسم زۆرقورس بێت کەوەسفی ئەوەبکەم کەچەند بێعەقڵانە توانیومە تەنانەت لەهەوڵی بێبایەخی سادەترین و ئاساییترین ئامانجدا خۆم وونبکەم!!

دەمتوانی بۆچەند سەعاتێك دانیشم تەماشای ووشەیەکی سەرلاپەڕەیەك بکەم!! دەمتوانی زۆربەی ڕۆژەکانی هاوین چاوەڕێی بینینی سێبەر بکەم لەسەر زەوی!! دەمتوانی دابنیشم بێئەوەی چاووم بتروکێنم لەسەر ئەودارەی کەلەزستاندا دەسووتا تاوەکو دەبوووبەخۆڵەمێش!! دەمتوانی بەدرێژایی شەو دابنیشم خەوببینم بەبۆنی خۆشی گوڵەوە!! زۆرجار بۆماوەی چەند سەعاتێك تاکە ووشەیەکم دووبارە دەکردەوە تاوەکو دەنگی ووشەکە بەهیچ جۆرێك لەلای من مانای نەدەما!! کاتێك ئەم شتانەم دەکرد بەردەوام هەموو بیرکردنەوەکانی خۆمم لەدەست ئەدا، هەمووبیرکردنەوەکانی کات وجووڵەو تەنانەت بیرکردنەوە لەزیندووبوون!!..

لەوانەیە هەڵەنەبێت کەپێویستە تێبگەیت ئەم مۆنۆمانیایە جۆرێك لەخەو بینین نیە، خەوبینین بەتەواوەتی جیاوازە، ئەوکەسەی خەودەبینێت( من لەبارەی ئەو کەسانەوە دەدوێم کەبەئاگان وخەودەبینن نەك ئەوکەسانەی نووستون وخەو دەبینن) پێویستی بەمێشکەو مێشك بەکاردێنێت بۆبیناکردنی خەونەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکەسەی خەودەبینێت هەمیشە ئەو هەستە یان ئەوبیرە یان ئەو ئامانجە لەبیردەکات کەخەونەکەی پێدەست پێکردووە، بەڵام لەلای من ئەو ئامانجەی کەگەشتی دەستپێکردووە بەرەو قووڵترین بیرکردنەوە هەمیشە لەمێشکم دا دەمایەوە، ئامانجەکە هەمیشە لەوێدابوو، لەسێنتەری بیرکردنەوەمدا، ئەوە سێنتەری هەمووشتێك بوو، ئەوە بابەت و ئامانجی بیرکردنەوەکانم بوو..

بیرکردنەوەکانم هەمیشەو هەمیشە دەگەڕایەوە بۆدواوە بۆئەو ئامانجەی کەوەك بازنەیەکی ناکۆتابوو، ئامانجەکە چیدی واقیعی نەبوو بەڵام تائێستاش نەمتوانی خۆمی لێبەدووربگرم.. هەرگیز بیرینسم خۆش نەوویستووە تەنانەت لەماوەی درەوشاوەترین ڕۆژەکانی جوانیشیدا، لەبەرئەوەی خۆشەویستی و ئیحساسەکانم هەرگیز لەدڵەوەنەبوون بەڵکو هەمیشە لەجیهانی زاکیرەوە دروست دەبوون!!

لەڕووناکیەکی خۆڵەمێشی بەیانیەکی زوودا، لەنێوان سەمای سێبەرەکانی دارستاندا هەروەك بێدەنگی کتێبخانەکەم لەشەودا، بیرینس بەخێرایی و بێگرنگیدان بەبەرچاوومدا ڕۆیشت!! بەهیچ جۆرێك بیرینسی ئامۆزام وەکو بیرینسێکی زیندوو نەبینیوە، بەنیسبەت منەوە بیرینس ئەو بیرینسە بووکەلە خەودا هەبوو، کەسێکی نێوئەم جیهانە نەبوو- نا - هەرگیز بیرم لەو نەکردۆتەوە وەك کەسێکی حەقیقی، بیرینس بیرکردنەوەی بیرینس بوو، ئەو شتێك بووکەبیری لێبکەیتەوە نەك کەسێك بێت کەخۆشت بوێت، پاشان بۆچی پاش نەخۆشیەکەی جیاوازبیرم دەکردەوە؟؟بۆچی کاتێك کە بەشێوەیەکی ترسناك و غەمبارەوە گۆڕا دەلەرزیم و سپی هەڵدەگەڕام کە نزیك دەکەوتەوەلێم؟؟ لەبەرئەوەی ئەوترسە وێران وخاپوورەی

ئەوکەسە شیرین‌وخۆشەویستەم بینی، لەبەرئەوەی ئێستا هیچ شتێکی ئەو بیرینسە نەماوە کەجارێك ناسیومە!!.. ئەوە ڕاستە کەهەرگیز من ئەو کچەم خۆش نەویستووە بەڵام دەمزانی کە ئەوبەقوڵی منی خۆش دەوێت، پاشان ڕۆژێکیان- لەبەرئەوەی زۆر بەزەییم پێدا دەهاتەوە- بیرکردنەوەیەکی بێ عەقڵانە و فاسیدم هەبوو، پێم گووت کەشووم پێ بکات.

ڕۆژی ئاهەنگی گواستنەوەمان نزیك بووبووەوە و نیوەڕۆیەکی گەرم لەکتێبخانەکەدا دانیشتبووم، هەورەکان نزم‌وتاریك بوون، هەوا خامۆش بوو، هەموو شتێك بێدەنگ بوو، دەستبەجێ چاوم لەسەر کتێبەکەم بەرزکردەوە، بینیم بیرینس لەبەردەمم دا وەستاوە، وەکو غەریبێك وابوو بۆمن، تەنها سێبەرێکی باریکی ئافرەتێکم لەبیردێت تەنانەت بیرم نایەت کەپێشترچۆن بووە، خودایە زۆر لاوازبوو دەمتوانی شان‌و قاچ وقولی ببینم لەنێو ئەو جل‌وبەرگە خۆڵەمێشییەی کە هەڵواسرابوو بەدەوری لەشە داوەشاوەکەیدا.

هیچی نەگووت‌و منیش نەمتوانی قسەبکەم، نەمزانی بۆچی بەڵام خێرا هەستم بەترسێکی گەورەکرد کە وەکو بەردێکی گەورە کەوتە سەردڵم، لەوێ لەسەر کورسییەکەم دانیشتبووم زۆر دەترسام بجوڵێم، قژە درێژەکەی بەدەوری دەم‌وچاویدا شۆڕبووبۆوە، وەکوبەفر سپی‌هەڵگەڕابوو!! بەشێوەیەکی زۆرسەیر دڵخۆش‌وبێدەنگ دیاربوو!!! بەڵام بەهیچ جۆرێك ژیان لە چاوەکانیدا بەدی نەدەکرا تەنانەت چاوەکانی لەوە نەدەچوون کەتەماشای من بکەن، تەماشای لاوازییەکەیم کرد، لێوە بێ خوێنەکانی بەهێواشی کرانەوە، لێوەکانی پێکەنینێکی سەیریان دروست کرد کەنەمدەتوانی تێی‌بگەم، بەجۆرێك بوو کەددانیم بینی!!!

ئۆه...، بۆچی زەردەخەنەی بۆکردم؟ بۆچی پێویست بوو ئەو ددانانە ببینم؟ گوێم لەدەنگی دەرگاکەبوو داخراوتەماشام کرد چی‌دی بیرینسی لێنییە، ژوورەکە چۆڵ بوو بەڵام ددانەکانی ژووری مێشکمیان بەجێنەهێشتبوو!! ئێستا زۆر بەڕوونی ددانەکانی دەبینم وەك ئەوکاتەی کەلەبەردەممدا وەستابوو، هەموو پارچە بچووکەکانی هەردانێکی لەزاکیرەمدا سووتابوون.

ددانەکان!! لەوێ لەبەرچاووم دابوون- لێرە، لەوێ، لەهەموو شوێنێك، تەماشام کردو زۆر سپی‌بوون کەهەمیشە بەدەوری لێوە بێخوێنەکەیدا دەجوولا!! هەوڵمدا شەڕ لەگەڵ ئەم مۆنۆمانیا ترسناك‌و کت‌وپڕەدا بکەم بەڵام بێسوود بوو، هەموو ئەوەی کە دەمتوانی‌بیری لێبکەمەوە، هەمووئەوەی کەدەمتوانی بەچاو بیبینم، ددانەکان بوون!! ئێستا ئەوانە سێنتەری ژیانمن، لە چاوەکانمدا هەڵم گرتبوون، لەبەر هەر ڕووناکییەکدا بووایە تەماشام دەکردن، لەهەموو ڕێگایەکدا ئاوڕم بۆ ئەدانەوە، لەشێوەی ددانەکاندا دەرسم دەخوێند، جیاوازییەکانیان، تازیاتر بیرم لێبکردنایەتەوە زیاتر دەمویستن!!! بەڵێ من ددانەکانم دەویست‌و دەبوو ئەوددانانەم هەبێت!! تەنها ددانەکان دەیانتوانی خۆشی ببەخشن بەمن، تەنها ددانەکان دەیان توانی ڕێ لەشێت بوونم بگرن!!

ئێوارەهات، تاریکی وەرگەڕا بۆ ڕۆژێکی دی، خێرا شەوی دووەم داهات، منیش بەتەنها لەوێدا دانیشتبووم، هەرگیز نەدەجوولام، هێشتا لەنێو بیرکردنەوەدا وون بووبووم ، لەهەمان ئەوبیرکردنەوەیەدا، ددانەکان!! تەماشای هەرشوێنێکم بکردایە ددانەکانم دەبینی- لەسێبەری ئێوارەدا- لەتاریکیدا- لەبەرچاوومدا- لەدووایيدا گریانێکی ترسناك منی لەخەونەکانمدا بەئاگا هێنا، گوێم لەچەند دەنگێك بوو، گوێم لەگریانێکی زۆری ئازارو دڵتەنگی بوو، هەستامە سەرپێ‌و دەرگای کتێبخانەکەم کردەوە، کچە خزمەتکارەکە لەدەرەوە وەستابوو دەگریا:- " بەڕێز، ئامۆزاکەت دەستی کرد بە Ž ». پەرکەمەکەی بوو، بەڕێز، ئەم بەیانییە مرد".

ئەم بەیانییە؟!! تەماشای دەرەوەی پەنجەرەکەم کرد، شەو داهاتبوو » »کچەکە گووتی " ئێمە ئامادەین ئێستا بینێژین". خۆمم بینی جارێکی تر لەکتێبخانەکە بەئاگا دێم، هەستم کرد دەتوانم ئەم خەونە ناشرین‌وسەرنج ڕاکێشانە بەبیرخۆم بهێنم، بەڵام نەمدەزانی چی‌بوون؟ نیوەشەو بوو، خێرا دوای

تاریکی بیرینسیان ناشت!! چەند جارێك بەخۆمم دەگووتوبەخۆمم دەگووت، بەڵام بەنیوە ناچڵی دەمتوانی سەعاتەکانی دوای ئەوە بەبیرخۆم بهێنم، ئەو سەعاتانەی پڕبوون لەترسی نەزانراو!!.

زانــیم لەشــەودا هەنــدێك شــت ڕووی داوە، بــەڵام بــیرم نــەدەهات چــیبوون، ئــەو ســەعاتانەی شــەو بەلاپەڕەیــەك دەچــوون نووســینێکی ســەیری تیــا نووســرابێت کــەمن لێــی تێنەدەگەیــشتم، پاشــان گــوێم لەهاوارێکی بەرزی پچڕاوی ئافرەتێك بوو، بیرم کردەوە چی بکەم؟ بـەدەنگی بـەرز ئـەم پرسـیارەم لـەخۆم کرد، دیوارەکانی ژووری کتێبخانەکە بەدەنگێکی نەرم وەڵامیان دامەوە، "چی دەکەیت؟!"..

چرایەك لەسـەرمێزەکەی تەنیـشتم بـوو، سـندوقێکی بـچووکیش لەتەنیـشتی بـوو، زۆربـاش سـندوقەکەم دەناسییەوە، سندوقی دکتۆری خێزانەکەمان بوو، بـەڵام بۆچـی لـەوێبوو؟ لەسـەرمێزەکە!! وبۆچـی کاتێـك کەتەماشام دەکرد وەکو گەڵا دەلەرزیم؟ بۆچی تووکە سـەرم بـژبوو بـوون؟ گـوێم لـەدەنگی لێـدانی دەرگاکـە بوو، خزمەتکارە کوڕەکە هاتە ژوورەوە، لەترسا حەپەسابوو هەروەها بەخێرایی قسەی بۆکردم، بـەدەنگێکی لەرزۆکی نزمەوە نەمتوانی تێبگەم لەهـەموو ئـەو قـسانەی کـەکردی گـووتی" بـەڕێز، لەشـەودا هەنـدێکمان گوێمان لەگریانێکی شپرزە بوو، چووینە دەرەوە بۆئەوەی بزانین چییە؟ پاشان لاشەی بیرینسمان بینی کـە لەچاڵەکەدا ڕاکشابوو، بەڕێز" خزمەتکارەکە گریا " یەکێکمان بیرینسی لەوچاڵە هێنایە دەرەوە کـە دفنمـان کردبوو!! لەشی براوبوو هەروەها خوێنی لێدەچۆڕا!! بەڵام لەوە خراپتر ئەوە بووکە ئەو ». ئەو نەمردبوو، بەڕێز!! هێشتا هەرزیندوو بوو".

خزمەتکارەکە ئیشارەتی بۆجلـەکانم کـرد هـەمووی خـوێن بـوو!! منـیش هیـچم نـەگووت، دەسـتی گـرتم، بینیم براوەو خوێنی ووشك بووی پێوەیە، گریام، بازم دایە لایمێزەکەو هەوڵمدا سندووقەکەبکەمەوە، زۆر هەوڵمدا بەڵام نەمتوانی بیکەمەوە!! سندووقەکە کەوتەسـەر زەوییەکـەو شـکا، ئـامێری ددان هەڵکێـشانەکە هاتـەدەرەوەو لەگـەڵ ئامێرەکەشـدا هەرسـیودوو ددانـە زۆربـچووك‌و زۆرسـپییەکان کەوتنـە ئێـرە، ئـەوێ، هەمووشوێنێك...!!!.

* مۆنۆمانیـا/ بیرکردنەوەیـەکی شـێتانەیە لەتـەنها شـتێك بـێ ئەوەی لەتواناتـدا بێـت ئـەو بیرکردنەوەیـە ڕابگریـت. وەرگێڕی کوردی..

# پۆرترێتە هێلکەییەکە

شێوە تاریکەکەی سەربانی خانووەکەمانم بەدیکرد کە بەسەردارستانەکەدا دەیڕوانی، زۆر دوورنەبوو بەڵام ڕۆیشتن لەو بەشە سەختەی شاخەکاندا قورس بوو. هەرگیز نەدەگەیشتین تائەو کاتەی شەودادەهات، خانوویەکی دڵتەنگوسەیروجوان بوو، چەند سەدساڵێك کۆن بوو.

خزمەتکارەکەم، پێدرۆ، لەدەرگایەکی بچووکەوە لە دواوە چووەژوورەوە، لەسەرخۆ منیشی بردە ژوورەوە، بەشێوەیەکی زۆرخراپ ئازارم چەشتبووتا ئەو ڕادەیەی دەموویست بمرم گەر هاتوو هەموو شەوەکەم لەدەرەوە بەسەربردایە. "خەڵکی لێرە دەژیان تاوەکو ماوەیەکی زۆرکەم لەمەوپێش" پێدرۆ گووتی "بەئازارەوە ڕۆیشتن".

منی لەژوورێکی درێژی تێردیکۆرکراوەوە بردە ناو ژوورێکی بچووکتر لەسووچێکیخانووە گەورەکەدا. یارمەتی دام کە لەسەر جێگاکە ڕاکشێم، لەم ژوورەدا ژمارەیەکی زۆرلەوێنەی زۆربچووکی مۆدێرن هەبوو، بۆماوەیەك لەبەر ڕووناکیەی خەفەکراوەکەدا تەماشام کردن. لەهەموو شوێنێك هەبوون، بەدیوارەکانەوە، بەدەوریمن دا...دوای تاریکی نەم دەتوانی بنووم لەبەر ئازار، وئێستاش زۆر لاوازم دەترسم بمرم لەبەرئەوە داوام لەپێدرۆ کرد کەگڵۆپەکەی تەنیشت جێگاکەم هەڵبکات. دەستم کرد بەتەماشاکردنی وێنەکانی سەردیوارەکە، لەکاتێکدا کەئەوەم دەکرد کتێبێکی بچووکم دەخوێندەوە، ئەم کتێبەم لەجێگاکەیتەنیشتمەوە دۆزیەوە، وەسفی هەموو وێنەکانی ژوورەکەی دەکرد، یەك بەیەك، هەروەها چیرۆکەکانیشی دەگێڕانەوە.

بۆماوەیەکی درێژتەماشام دەکردو دەمخوێندەوەو سەعاتەکانیش بەخێرایی گوزەریان دەکرد، نیوەشەو هاتورۆیشت، چاوەکانم زۆرزۆر ماندوو بوون، پاشان یەکسەر هەستم کرد کەئەوە کارێکی قورسە ووشەکانی سەرلاپەڕەکە بخوێنمەوە، پاشان کشامەپێشەوە ڕووناکیەیەکەم نزیك کردەوە-ئەمەزۆر بەئازاروقورس بوو-.

ئێستا ڕووناکی گڵۆپەکە دەکەوێتە سەرچەند بەشێکیجیاوازی ژوورەکە، لەوبەشەی کەهەتاوەکو دوایی سێبەرێکی تاریکی کەوتبووە سەر ژمارەیەکی زیاترم لەوێنە تێدابەدیکردو لەنێوانیاندا پۆرترێتی کچێکی گەنج هەبوو، لەوکاتەدا کەتەماشام کرد، چاوەکانم نووقاند.

چاوەکانم بەداخراوی هێشتەوە، هەوڵمدا کەتێبگەم بزانم بۆچی؟؟ بۆچی دەستبەجێ وەها چاوەکانم داخست؟؟ پاشان درکم بەوەکرد کەمن بۆئەوە چاوم داخستوە کەکاتێك بەخۆم بدەم. پێویستم بەکات بوو تاوەکو بیربکەمەوە.

ئایا من دڵنیام لەوەی کەئەوەی لەڕاستیدا بەدیم کرد ئەو شتەیە کەئێستا بیری لێدەکەمەوە؟؟ ئایامن خەون دەبینم؟؟ نەخێرمن زۆربەئاگابووم.. چاوەڕێم کرد تاوەکو جارێکیتر هێمن بوومەوە پاشان چاوەکانم کردەوەو بۆجاری دووەم تەماشام کرد.. نەخێر هیچ هەڵەیەك نەبوو، چاوەکانم ئەوەیان بەدیکرد کەیەکەمجار دیبوویان، تەنها چەند چرکەیەك پێش ئەوە..

هەروەکو گووتم وێنەکە پۆرترێتێك بوو، لەشێوەدا هێلکەیی بوو، سەروشانی ئافرەتێکی گەنجی پیشان دەدا، باشترین و جوانترین وێنەبوو کە لەژیانمدا دیبێتم و زانیم کەهەرگیز ئافرەتێکم بەو جوانیەوە نەدیووە!!! بەڵام ئەوە جوانیەکەی ئەو ئافرەتە نەبوو کەخێرا لەنیوەی خەودا منی بەئاگا هێنا هەروەها دەست ڕەنگینی ئەو وێنەکێشەش نەبوو کەبەشێوەیەکی سەیرمنی تووشی سەرسوڕمان کرد.. بۆماوەی

کاتـژمێرێك مامــەوە، نیوکاتــژمێر دانیــشتبووم ونیوەکــەی تــریش ڕاکــشابووم، هــەرگیز چــاوم لەســەر پۆرترێتەکە لانەدەبرد، پاشان لەدواییدا تێگەیشتم، لەکۆتاییدا درکم بەنهێنییە ڕاستییەکەی ئەو وێنەیە کردو جارێکیتر چوومەوە ناو جێگاکەم...

ترسەکەم ئەوڕێگەی تەماشاکردنەی بووکە ئـەو سـەیری دەکـردم، چاوەکانی، ئەوخەنـدە جوانەیـە، ئـەو ڕێگەیەی کەتەماشای دەکردم، زۆرحەقیقی بوو، تەقریبەن مەحاڵ بوو باوەڕبێنیت بەوەی کەئـەوە وێنەیـە، بەوەی کە ئەو ئافرەتە زیندووندییە!!..

ســەرەتا کەتەماشــای وێنەکــەم کــرد زۆر ســادەییانە نــەمتوانی بــاوەڕبێنم بــەوەی کەچــاوەکانم چــی دەبینێت؟؟!! بەڵام ئێستا هەسـتم کـرد کـە ئیحساسێکی زۆرجیـاواز لەناوەوەمـدا گەشـە دەسـێنێت!! تـاوەکو زیاتر تەماشای ئەوچاوانەم بکردایەو زیاتر تەماشای ئەوخەنـدە جوانەییم بکردایە، زیاتر دەترسام!!..

زۆرسـەیربوو!! ترسـێکی وا کـەلێی تێنەدەگەیـشتم، ترسـێك بوولەگـەڵ دڵەلەرزێـدا تێکـەڵ بـوو بـوو... گلۆپەکە پێـشتر لـەکوێبوو خستمەوە شوێنی خۆی، ئـەمجارەش پۆرترێتەکە لەتاریکییەکـەدا وون نـەبوو، خێرا تەماشای کتێبەکەم کرد تاوەکو چیرۆکی پۆرترێتە هێلکەییەکەم دۆزییەوە..

ئەم ووشانەم خوێندەوە:

ئافرەتەکە گوڵێکی گەش وجوان بوو، هەروەها هەمیشە زۆردڵخۆش بوو!. بەڵێ، دڵخۆش بوو تا ئـەو ڕۆژە شەڕەنگێزەی کەوێنەکێشی پۆرترێتەکـەی خـۆی بینـی وخۆشیوویـست، زەواجیـان کـرد، بـەڵام بەدڵتـەنگی، چونکە وێنەکێشەکە پێشتر ژنیهەبوو(مەبەست لە ژنی پێشووی وێنەکێشەکە هونەری وێنەکێشانەکەیەتی-و.ك) ئیشەکەیو وێنەکێشانەکەی لەلای گرنگتربوو لەهەمووشتێك لەم دونیایەدا!!..

پێشترئافرەتەکە دەم بەخەندەو بەشەوق بوو، هەموو شتێکی لەدونیادا خۆش دەوویـست، بـەڵام ئێـستاش هەموو شتێکی خۆش دەوێت، تەنها شتێك نەبێت، کاری مێردەکەی، وێنەکێشانی مێردەکـەی تـەنها دوژمنـی بـوو... وایلێهات ڕقـی لەوێنەکێـشانی مێردەکـەی دەبـۆوە کەبەهۆیـەوە دوورکـەوتبۆوە لێـی، پاشـان شـتێکی ترسناك بوو کاتێك مێردەکەی پێی گووت، کەدەیەوێت وێنەی دەموچاوەگەنجەکەی بکێشێت...

بۆماوەیـەك ئافرەتەکـە لـەژووره درێـژە تاریکەکـەدا دانیـشت لەکاتێکـدا مێردەکـەی وێنـەی دەکێـشا،.. پیاوێکیزۆربێدەنگ بـوو، هەمیـشە کـاری دەکـرد، هەمیـشە لەخەونـە نهێنییـە شـپرزەکانیدا وون بووبـوو، ئافرەتەکە بەبێدەنگی دانیشتبوو- بـەردەوام پێدەکـەنی، هـەرگیز نـەدەجووڵا - لەکاتێکـدا کەئـەو کاتـژمێر لەدوای کاتژمێر، ڕۆژلەدوای ڕۆژ وێنەی دەکێشا!!..

پیاوەکە ئەوەی نەدەبینی کەژنەکەی ڕۆژلە دوای ڕۆژ لاوازتـر دەبێت، هـەرگیز تێبینـی ئـەوەی نـەدەکرد کەچـیدی ئافرەتەکـە تەندروسـتی بەرەوباشـتر ناچـێت‌و چـیدی دڵخـۆش نابێـت. لەبـەردەم چـاوەکانیدا گۆڕانکاری ڕوویدابوو، کەچی پیاوەکە ئەوەی نـەدیبوو!!.. بـەڵام بـەردەوام پێدەکـەنی، هـەرگیز لەپێکـەنین نەدەوەستا لەبەرئەوەی بینی مێردەکەی (کەئێستا زۆر بەناوبانگە) زۆرچێژلە کارەکەی وەردەگرێت.

پیاوەکە شەووڕۆژ کاری دەکرد، وێنەی ئەو ئافرەتـەی دەکێشا کەخۆشـی دەوویـست، لەکاتێکـدا کەوێنـەی دەکێشا، ئەوئافرەتەی کەئەمی خۆشدەوویست وورده وورده لاوازو خەفەتباربووبوو. چـەند کەسانێك وێنـە نیوە تەواوکراوەکـەیان دیبـوو، بەوێنەکێـشەکەیان دەگووت کەچـەند کارێکی جوانـە!!!!!!! وێنەکێـشەکە بـە هێواشــی دەدوا هــەروەکو چــۆن بەهێواشــی کــاری دەکــرد.. گووتبوویــان"پۆرترێتەکــە ئــەوە پیــشاندەدات کەوێنەکێشەکە چەندە خێزانەکەی خۆی خۆشدەوێت!!"

ئافرەتەکـە لەبــەردەم مێردەکـەیو میوانەکانــدا بــەهێمنی دانیــشتبوو، ئێــستا هــیچ نابیــستێت‌و هــیچ نابینێــت..ئیـشەکە خــەریکبوو تــەواو دەبــوو، وێنەکێـشەکە لەژوورەکـەدا چـیدی پێـشوازی لەمیوانــەکان نــەدەکرد، ئێــستا ئــاگرێکی ترســناك لەناوەوەیـدا دەســووتێت، شــپرزەبوو، تەقریبــەن شــێت بــوو لەگــەڵ

کارەکەیدا.. ئێستا هەرگیزچاوی لەسەر وێنەکێشان هەڵناهێنێت تەنانەت بۆ ئەوەی تەماشای دەموچاوی خێزانەکەشی بکات!!

دەموچاوی خێزانەکەی وەکوبەفر سپی هەلگەڕابوو، وێنەکێشەکە نەیدەبینی کەئەو ڕەنگانەی وێنەی پێدەکێشێت چیدی ئەو ڕەنگانەنین کەلە دەموچاوی ڕاستەقینەی ژنەکەیدایە!!!! چەند هەفتەیەکی زۆر تێپەڕین تاوەکو ڕۆژێکیان لەناوەڕاستی زستاندا پیاوەکە پۆرترێتەکەی تەواو کرد، دوابۆیەی خستەسەر لێوەکانی، دواهێڵی باریکیبەڕەنگێك خستەسەرچاوی، پاشان چووە دواوەو تەماشای ئیشە تەواوبووەکەی کرد.

کاتێك تەماشای کرد دەستیکرد بەلەرزین، دەموچاوی پیاوەکە هەڵبزرکا، لەکاتێکدا کەچاوی خستبووە سەر پۆرترێتەکە پڕبەدونیا گریاو هاواری کرد"ئەم ئافرەتە لەبۆیە دروست نەکراوە!! ئافرەتێکی زیندووە"، دەستبەجێ ئاوڕیدایەوە تاوەکو ژنەکەی ببینێت کەزۆری خۆشدەویست"ژنەکە مردبوو"..

# دڵە خەبەردارەکە

ئەوە شتێکی ڕاستە کەمن کەسێکی تووڕە بوومو ئێستاش تووڕەم، بەڵام ئایا تۆهەست دەکەیت کەمن شێتم؟ بەهۆی نەخۆشی‌یەکەمەوە دەمتوانی زۆربەباشی - کەم نا - ببینم و ببیستم، گوێچکەکانم لەهەموو شتێك باشتر بوون، دەمتوانی هەموو شتێك ببیستم . هەموو شتێك لەم جیهانەداو هەمووشتێك لەبەهەشتدا هەروەها هەندێك شتم لە دۆزەخدا دەبیست. کەواتە چۆن دەتوانم شێت بم؟ بڕوانە چۆن بەڕوونی‌و هێمنی دەتوانم چیرۆکەکەمت بۆ بگێڕمەوە. ناتوانم ئەوە ڕوون بکەمەوە کەچۆن یەکەمجار ئەم بیرۆکەیە لەکەللەی دام، بەڵام جارێکیان هەستم بەوبیرۆکەیە کردو ناتوانم لەبیری‌بکەم. هیچ هەنجەتێکم نەبووکە ئەوەبکەم، تووڕەنەبووم، پیاوە پیرەکەم خۆشدەویست، هەرگیز ئەو ڕقی لە من نەبوو، من ئاڵتوونەکەیم نەدەوویست. وابزانم ئاڵتوونەکە چاوەکەی بوو! بەڵێ چاوێکی هەڵبزرکاوی شین، بەچاوی هەڵۆ دەچوو. کاتێك لێم دەڕوانی خوێنەکەم سارد دەبۆوە، لەدووایدا بڕیارم دا پیرە پیاوەکە بکوژم و بۆ هەتاهەتایە ڕزگارم بێت لەچاوی.

دەزانم وا هەستدەکەیت کەمن شێتم، بەڵام پیاوە شێتەکان هەرگیز زیرەك نین، ئینجا بڕوانە چۆن زیرەکانە پلانەکەم داڕشت..!

هەموو ڕۆژێك و شەوێکی‌ئەو هەفتەیە زۆر بەڕەحم بووم بۆ ئەوپیرە پیاوە!! لەنزیکی نیوە شەودا زۆرزۆر بەهێمنی دەرگاکەیم کردەوە. سەرەتا چرا کوژاوەکەم خستە ئەو دیوی دەرگاکە، چراکە هەڵنەکرابوو بە هیچ جۆرێك ڕووناکی لێوە نەدەهات پاشان بە هێواشی، زۆر بە هێواشی سەرم لەدەرگاکەوە بردە ژوورەوە، شەست دەقیقەی دوورو درێژم پێچوو تەنها بۆ ئەوەی سەرم بهێنمە ژوورەوە. ئایا شێت وا بەووردی ئیش دەکات؟ لەکاتێکدا سەرم لەژوورەوە بوو زۆر بەووردی چراکەم هەڵکردو تیشکێکی تەنك کەوتە سەر چاوە هەڵۆیی‌یەکە، بەڵام چاوەکە هەمیشەداخراو بوو، لەبەرئەوە نەمدەتوانی هیچ بکەم. دەبینی من بە هیچ جۆرێك ڕقم لە پیاوەکەنی‌یە، تەنها ئەوە چاوەکەی بوو کەڕقم لێ‌دەبۆوە. .

لەشەوی هەشتەمدا زۆربەدیقەتەوە دەستم کرد بە کردنەوەی دەرگاکە، هەستم بەهێمنی‌و بەهێزی دەکرد، لەوێندەر دەرگاکەیم کردەوەو تەنانەت ئەو دەیزانی من لەوێم، تاڕادەیەك پێکەنینم بە بیرۆکەکەم دەهات، لەوانەشە لەوکاتەدا گوێی لەمن بووبێت چونکە دەستبەجێ لەناو جێگاکەی‌خۆی‌دا جووڵا، بەڵام من لەشوێنی خۆم نەجووڵام، زانیم کەئەو ناتوانێت درزی دەرگاکە ببینێت لەبەرئەوە بەردەوام بووم لەپاڵنان بەدەرگاکەوەتاوەکو بکرێتەوە، بەهێواشی‌وبەهێمنی..

کاتێك سەرم لەژوورەوە بوو هەوڵم دا کەبەبێدەنگی چراکە داگیرسێنم بەڵام پەنجەم خلیسکاو دەنگێکم دروستکرد، خێرا پیاوەکە لەجێگاکەی هەستایەوەو هاواری‌کرد"ئەوەکێ‌یەلێرە؟" هیچم نەگووت. بۆماوەی سەعاتێك بەتەنها لەوێدا وەستابووم بەبێ‌جووڵە، پاشان لەناو جێگاکەی‌دا دانیشت‌وگوێی‌دەگرت، ئینجا دەنگێکی نەرمی دروست کرد. ئەودەنگەی کەمن دەمناسییەوە دەنگی تۆقین‌وترس بوو، ترسی مەرگ. دەنگەکەم ناسی‌یەوە لەبەرئەوەی چەندجارێك لەقووڵایی شەودا لەکاتێدا کەخەڵکی هەمووی نووستبوون بەسەرخۆم دا هاتبوو.

هەستم بەلێبووردن کرد بەرامبەر بەپیرە پیاوەکە بەڵام بەهێواشی پێدەکەنیم زانیم کەلەیەکەم دەنگەوە ئەو بەئاگابوو بوو، پاشان ترسەکەی گەشەی دەسەندو گەشەی دەسەند، مەرگ هاتبووە ژوورەکەی‌و

ئێستاش سێبەری مەرگ بەدەوریدا ڕاکشاوە نەمنی بینی ونەگوێی لێم بوو بەڵام هەستی بەوە کردبوو کەسەرم لەناو ژوورەکەیەتی. چراکەم داگیرساندو تیشکێکیتەنك کەوتە سەرچاوی، چاوی کراوەبوو، لەکاتێکدا کە لێم ڕوانی تووڕەبووم، دەمتوانیزۆربەجوانی بیبینم، چاوێکی ترسناکی شین کەخوێنەکەمی سارد کردبۆوە، هیچم لەدەم و چاوو جەستەی کابرادا نەدەبینی تەنها چاوی نەبێت.

پاشان گوێم لە دەنگێك بوو، پێم نەگووتیت کەگوێچکەکانم زۆر باشن؟؟ دەنگەکەم ناسیەوە، لێدانی دڵی پیرەپیاوەکەبوو، بەرزترو خێراتر گەشەی سەند، بەڵێ، بەرزتروبەرزتر لەگەڵ هەموو دەقیقەیەکدا. دەبێت ترسی پیاوەکە زۆر گەورە بێت، ئینجا وا ئێستا ترسێکی نوێ بۆمن هات B دراوسێکەی توانیویەتی گوێی لە دەنگی لێدانی ئەو دڵە بووبێت. ڕۆژی پیاوەپیرەکە هاتبوو!!! چراکەم بەتەواوی هەڵکردوو ڕامکردە ناو ژوورەکەوە، یەك جار هاواری کرد تەنها یەك جار B لەبەرئەوەی پاڵم خستە سەرزەویەکەو جێگا قورسەکەیم خست بەسەریدا، بۆچەند دەقیقەیەك دڵەکە بەردەوام بوو لەلێدان بەڵام لە دواییدا وەستا!! پیاوەکە مرد!! دەستم خستەسەر دڵی و لەوێدا گرتم بۆچەند دەقیقەیەك. بەهیچ جۆرێك ژیانی تێدا نەمابوو!! ئێستا چاوەکەی جارێکی تر نامترسێنێت. لەوانەیە تا ئێستا واهەست بکەیت کەمن شێتم باوەڕ ناکەیت کاتێك پێت دەڵێم بەڕێگەیەکی زیرەکانە لاشەکەیم شاردەوە.

یەکەمجار لاشەکەیم پارچە پارچە کرد، سەری و شانەکانی و قاچەکانیشیم لەتوپەت کرد پاشان سێ لەوحی تەختەم لەزەویەکە دەرهێناو لاشەکەم لەژێریدا شاردەوە. دواجار زۆر بەووردی لەوحە تەختەکانم خستەوە شوێنی خۆی. ئێستا مرۆڤەکە چاوی نیە " تەنانەت مرۆڤەکە خۆشی تەمەنناى بینینی هیچ شتێکی هەڵەناکات" هیچ شتێك نیە کەبیبینێت تەنانەت هیچ خوێنێك دیارنیە، باوڵیەکە هەموو خوێنەکەی گرتبوو هە. . . هە. . . ها.

کاتێك کەتەواو بووم سەعات چواری ڕێك بوو هەروەها دنیا تاریك و بێدەنگ بوو، لەدەرگاکەی بەردەمم دا تەقەی دەرگا لێدرا، بەهێمنی چونکە دەمزانی هیچ شتێك نیە بمترسێنێت دەرگاکەم کردەوە، سێپۆلیس هاتنە ژوورەوە، پۆلیسەکان هاتن چونکە دراوسێکە ڕاپۆرتیدا بوو کەدەنگێکی بەرز لەماڵەکەوە هاتووە. ڕوونم کردەوە کە ئەوە من بووم هاوارم کرد، لەخەو بەئاگاهاتم ، گووتم، پیاوە پیرەکە لەدەرەوەی وولاتە بەدەوریخانووەکەدا گێڕامن و داوام لێکردن کە بەباشی بگەڕێن، بردمن بۆ ژووری پیاوە پیرەکە و هەموو شتەکانیم پیشان دان.

چەند کورسیەکم هێنایە ژوورەکەو داوام لێکردن کەدابنیشن و بۆ ماوەیەك پشوو بدەن، بەهێمنی کورسیەکەی خۆمم خستە سەرئەو شوێنەی کە لاشەی پیاوەپیرەکەم تێدا شاردبۆوە. پۆلیسەکان شادمان بوون بەو ڕێگەیەی کەقسەم بۆدەکردن و دەمگووت کە هەمووشتێك وەك خۆیەتی. بەردەوام قسەیان دەکرد بەڵام من واملێهات ماندووبووم سەرم دەئێشاو دەنگی جەرەسێك لەگوێم دابوو، دەموویست پۆلیسەکان بڕۆن، بەڵام ئەوان بەردەوام قسەیان دەکرد، دەنگی جەرەسەکە بەرزتروڕوونتر دەبوو پاشان درکم بەوەکرد کەدەنگەکە لەگوێی مندا نیە، ڕەنگم هەڵبزرکاو دەستم کرد بەقسەکردن بەدەنگێکی بەرز بەڵام بەهەمان شێوە دەنگی جەرەسەکە بەرزتر دەبوو، دەتوانم چیبکەم؟؟ دەنگێکی غەمباری نەرم بوو وەکو دەنگێك کەلە سەعاتێکەوە بێتو لەناو لۆکەیەکدا داپۆشرابێت، بەدەنگێکی زۆربەرز دەئاخافتم دەنگەکەش بەهەمان شێوە بەرزدەبوو، بۆچی؟؟ ئۆه بۆچی پۆلیسەکان نەڕۆیشتن؟؟ »

لەژوورەکە هەڵدەستاموادادەنیشتم، تووڕەبووم، قسەم دەکرد کورسیەکەم فڕێدایە سەر زەویەکە بەڵام دەنگەکە بەردەوام بوو لەوەی بۆ بەرزتروبەرزتر گەشەبکات لە هەردەنگێك کەمن دروستم دەکرد. پاشان پۆلیسەکان قسەیان دەکردو پێدەکەنین، ئایا دەبێت ئەوان گوێیان لەو دەنگە ترسناکە نەبووبێت؟؟ نا »نا »گوێیان لێبووە، دەزانن، ئەوان درۆدەکەن ئەگەر گوێیان لەو دەنگە نەبووبێت »دڵنیابووم لەوە

(ئێستاش دڵنیام) و ڕقم لەپێکەنینی دەموچاویان دەبۆوە »هەستم کرد کە پێویستە هاواربکەم یان بمرم، ئینجا ئێستا، جارێکیتر، دەنگەکە بەرزتر بوو، بەرزتر، بەرزتر »

**(ڕاوەستن) هاوارم کرد، بەسە درۆ مەکەن کە گوایە گوێتان لەو دەنگە نییە ..بەڵێ، من ئەوەم کرد..لەوحە تەختەکان ڕاکێشن بۆ سەرەوە لێرە..لێرە..لێرە..ئەو دەنگە (لێدانی دڵە ترسناکەکەیەتی).**

˜
˜
ضاثكراوةكاني خانةي ضاث و بلآوكردنةوةي قانع˜

- فەرهەنگی نوێ..... ن/خوسرەو رۆزبێ (فەرهەنگ) ىسیاسی و/ بورهان قانع
- ئیتنۆ نەتەوایەتی........ن/نادری ئینتیسار ( سیاسی) و/ عەتا قەرەداغی
- چێوە رۆ »..... ن/شەوکەتی حاجی موشیر (یادداشت)
- جەنگی صحاف... پێنچ دیدار و/سەلام کەریم
- سەرخۆشێکی فاشیل.ن / ئێدگار ئالان پۆ (کۆمەڵە چیرۆك) و/ زمناکۆ بورهان قانع